National Endowment
for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان
## (٦ی ئازاری ٢٠١٨تا ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨)

راپۆرتی دوازدەهەم




تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# راپۆرتی
# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی
# پەرلەمانی کوردستان

خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم

لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان

(٦ ی ئازاری ٢٠١٨ تا ٦ ی تشرین دووەمی ٢٠١٨)

## راپۆرتی دوازدەهەم

٭- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣وە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

٭- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.

### ستافی کاری پرۆژە

سەرپەرشتیاری پرۆژە:
**د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:
**بابان جەعفەر حەمە**

رێکخەری پرۆژە:
**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:
**ئاریێز دارا حەفید**

بەشی عەرەبی روانگەی پەی:
**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:
**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

بەشدار لە نوسینەوەی راپۆرت:
**م. ساکار عەزیز رەشید**




**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری کوردستان مۆڵ**

**تەلەفۆن:** 07701564576 - 07701465733

**ئیمەیڵ:** sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

**فەیسبوک:** facebook.com/pay-institute

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.payied.org

**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٨**

**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکان وەرگرتووە**

# ناوەرۆك


پێشەكی ........................................................................................................ ٥
هەڵسەنگاندنێكی رەوشی پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولەدا............................................................ ٦
یەكەم: دانیشتنەكانی پەرلەمان........................................................................................ ٦
تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەكانی پەرلەمان: ........................................................................ ٧
دووەم: پرۆسەی یاسادانان: ............................................................................................ ١١
سەرنجەكان لەسەر چەند یاسایەك..................................................................................... ١٢
خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاساكان:.................................................................................. ٢٠
گفتوگۆی كراوە: ......................................................................................................... ٢١
سێیەم: چاودێری حكومەت: ............................................................................................ ٢٨
چوارەم: پەسەندكردنی بودجە: ......................................................................................... ٢٨
پێنجەم: دەستلەكاركێشانەوەی ئەندامان................................................................................. ٢٨
شەشەم: لیژنەكانی پەرلەمانی كوردستان............................................................................... ٢٩
ئاڵوگۆڕی ئەندامان لە لیژنەكان: ....................................................................................... ٢٩
كۆبوونەوەی لیژنەكانی پەرلەمان: ...................................................................................... ٣١
تێبینی لەسەر كۆبوونەوەی لیژنەكان: .................................................................................. ٣١
نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان: ................................................................................ ٣١
پێشێلكارییەكانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان:.......................................................................... ٣٣
پوختەی كاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا.............................................................. ٣٩
ئەنجام ....................................................................................................................... ٤٠
پوختەی كاری پەرلەمانی لەماوەی پێنج ساڵی خولی چوارەمیدا.................................................... ٤٢

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

[www.payied.org](http://www.payied.org)

روانگەی پەی ، ماوەی (٢) ساڵە کار دەکات، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری لەسەر سێ خولی پێشووی پەرلەمان بڵاوکردۆتەوە، هەر لە سەرجەم (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی، یاساکان، بڕیارەکان، لیژنە کاتیەکان و هەمیشەییەکان) .

لەسەر ئاستی خولی چوارەیش (٢٠١٣– ٢٠١٨) (سیڤی ئەندامان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، فراکسیۆنەکان، لیژنە هەمیشەییەکان، لیژنە کاتییەکان، یاساو بڕیارەکان، بەرنامەی کار، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڤیدیۆی سەرجەم دانیشتنەکان، هەواڵی پەیوەست بە پەرلەمان، ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکان، لیستێکی پەیوەندی بە ئەندامانی پەرلەمانەوە) جگە لە چەند بەشێکی تری وە( پەرلەمانی کوردستان لە میدیاکاندا، پەرلەمان بە ئینفۆگرافیك، بڵاوکراوە دەربارەی کاری پەرلەمان، بڵاوکراوەکانی پەرلەمان، بیرورا لەسەر پەرلەمان، لەهەمان کاتدا گرنگی بەهەواڵی لیژنەکان و فراکسیۆنەکانیش دەدرێت بە مەرجێك هەواڵەکە پەیوەندیدار بێت بەکاری دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتیەکانەوە.

هەر لە روانگەی پەی سەرجەم راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان و سەرجەم ئەو پرۆژانەی تر بڵاوکراونەتەوە کە ئینستتیوتی پەی کاری لەسەر کروون ، پاش تەواو کردنی تەواوی بەشی عەرەبی ماڵپەرەکە لە داهاتوودا کار دەکرێت بۆ زیادکردنی زمانی ئینگلیزی .

لەگەڵ دەستپێکردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانیش پرژەی چاودێری پەرلەمان بەردەوام دەبێت و چەندین گۆرانکاری لە پرۆژەکەدا دەکرێت .

# پێشەکی

خولی چواری پەرلەمانی کوردستان کە ماوەکەی پێنج ساڵە، لە (٢٠١٣/١١/٦) وە دەست پێدەکات و ٢٠١٨/١١/٦ کۆتایی دێت، ئێمە لەئینستتیوتی پەی بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) پشت بەست بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان ژمارە(١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان ژمارە(١١)ی ساڵی (٢٠١٣) و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان) چاوێری ئەو خولەمان کرد و تا ئێستا (١٢) راپۆرتمان لەسەر بڵاوکردۆتەوە.

ئامانجمان لەم چاودێرییە دروستکردنی شەفافیەت بووە لەکاری پەرلەمانی بەئامانجی دروستکردنی پەیوەندی باش لەنێوان خەڵك و پەرلەمان، و چەسپاندی بنەمای چاودێری و دروستکردنی فشار وەك گرنگترین ئەرکەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسا دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت، هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت لەدیموکراتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و دەرچوون لە قەیرانەکان و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا، بەڵام ئەوەی لە خولی چواردا رویدا بەتەواوی پێچەوانەی ئەم هەوڵانەوە بوو.

بۆنموونە لەم خولەی بەهارە چەندین پرۆژە یاسای گرنگی لەبەردەست بوو، کە دەبوو لەبەرژەوەندی خەڵك و پەرلەمانێکی بەهێز پەسەند بکرێن، بەڵام پێچەوانەکەیان کرد، لەوانە پشتگوێ خستنی (یاسای چاکسازی لە مووچە و خانەنشینی، بەرکارکردنی یاسای نەهیشتنی بازرگانی کردن بەمرۆڤ ژمارە(٢٨) ی (٢٠١٢) عێراق، درێژەدان بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە جیاتی هەموارکردنی بەشێوەیەك کە گونجاوبێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی).

درێژەدان بە یاسایی تیرۆر و بەرکارکردنی بازرگانی کردن بەمرۆڤ، ناڕەزای چەندین توێژەر و ناوەندە رۆژنامەوانیەکانی لێکەوتەوە، هەرچی لە بارەی پەسەندکردنی پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانیشە، سەرەنجی زۆری لەسەرە.

سەرەنجام بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خەڵك و پەرلەمان، پەسەندکردنی یاسای باش و چاودێری ووردی بەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێرکردنەوە، راگرتنی باڵانس لە نێوان دەسەڵاتەکانی هەرێمدا، پێویستە هەوڵ بدەین بۆ هێنانە کایەی پەرلەمانێکی بەهێز و سیستمی پەرلەمانی لە حکومرانی هەرێمدا .

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

تشرینی دووەمی ٢٠١٨

# هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی پەرلەمان

### خولی بەهارەی ساڵی پێنجەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان

### (٦ ئازاری -٢٠١٨ تا ٦ تشرینی دووەمی- ٢٠١٨)

## یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان:

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی بڕگەی کار | بڕگەی جێبەجێکراو | بڕگەی دواخراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٨/٠٥/٠٥ | ٢٠١٨/٠٥/٠٧ | دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارە | ٣ | ٣ | ٠ |
| ٢ | ٢٠١٨/٠٥/١٩ | ٢٠١٨/٠٥/٢١ | ١ | بەرنامەی کار بڵاونەکرایەوە | کۆبوونەوەکە دواخرا | ٠ |
| ٣ | ٢٠١٨/٠٦/١٠ | ٢٠١٨/٠٦/١٢ | ١ | ١ | کۆبوونەوەکە دواخرا | ٠ |
| ٤ | ٢٠١٨/٠٦/٢٤ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ | ١ | ٩ | ٦ | ٣ |
| ٥ | ٢٠١٨/٠٦/٢٨ | ٢٠١٨/٠٧/٠١ | ٢ | ٥ | ١ | ٤ |
| ٦ | ٢٠١٨/٠٧/٠١ | ٢٠١٨/٠٧/٠٢ | ٣ | ٤ | ٣ | ١ |
| ٧ | ٢٠١٨/٠٧/٠٥ | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ | ٤ | ٤ | ٣ | ١ |
| ٨ | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ | ٢٠١٨/٠٧/١٠ | ٥ | ٣ | ٣ | |
| ٩ | ٢٠١٨/٠٧/١٠ | ٢٠١٨/٠٧/١١ | ٦ | ٤ | ٣ | ١ |
| ١٠ | ٢٠١٨/٠٧/١٢ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ | ٧ | ٤ | ٤ | |
| ١١ | ٢٠١٨/٠٧/١٦ | ٢٠١٨/٠٧/١٧ | ٨ | ١ | ١ | |
| ١٢ | ٢٠١٨/١٠/٢٩ | ٢٠١٨/١٠/٣١ | دانیشتنی کۆتایی خولی گرێدان | ٢ | ٢ | ٠ |
| سەرجەم | | | ١٠ | ٣٩ | ٢٩ | ١٠ |

## ئامادەبوونی ئەندامان و تێبینی سەبارەت بە دانیشتنەکانی پەرلەمان

١- دانیشتنی ژمارە (١) پەرلەمان کە بریاربوو لە(٢٠١٨/٥/٢١) ئەنجام بدرێت، بەپێی راگەیەندراوی فەرمی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لە ماڵپەڕی پەرلەمان بڵاوکرایەوە، دواخستنی دانیشتنەکەی گەراندەوە بۆ ئامادەنەبوونی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی، ئەمە لە کاتێکدا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان (جێگر و سکرتێر) بەهۆی فشار و نارەزایەتی خەڵکەوە لەسەر چەند ماددەیەك رۆژی (٢٠١٨/٣/٤) لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گەرانەوەی پرۆژەکەیان بۆ هۆڵی پەرلەمان راگەیاند و بریاریاندا پێداچوونەوە بکەن بە برگەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم) لەماددەی(٣) و برگەی دووەم لە ماددەی (٨) و خاڵی (٢) لە برگەی (یەکەم) لە ماددەی (١١) یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠١٨)، پاشان جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٨/٣/١٣) بە بەیانێك داوای لە هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی کرد پیاچوونەوە بەو برگە و ماددانەدا بکات کە لە بریاری ژمارە(١) ساڵی (٢٠١٨) دەرچووە، کەوابوو کات بۆ نووسینی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەکان ئەگەر لە (٢٠١٨/٣/١٣) هەژماری بکەین تا (٢٠١٨/٥/٢١) دوومانگ و حەوت رۆژ دەکات، بەڵام لیژنەکان راپۆرتیان ئامادەنەکردووە.

تێبێنی ئێمە ئەوەیە، کە ئەمە تەنها پەیوەست نیە بەکەم تەرخەمی لیژنەکانەوە لەئاستی کاری خۆیان، بەڵکو نیەتێك لە پەرلەمان هەبووە بۆ پەکخستنی ئەو پرۆژەیە.

**دەقی راگەیەندراوێك لە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە**

بەهۆی تەواونەبوونی راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی (کاروباری یاسایی) و (دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان)، سەبارەت بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨، یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر لە هەرێمی کوردستان-عێراق)، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا بەدواخستنی دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاساییی خولی بەهارە کە بڕیاربوو رۆژی دووشەمە رێکەوتی ٢١/٥/٢٠١٨ ئەنجام بدرێت.

دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

٢- دوای جارێك دواخستن ، دانیشتنی ژمارە (١) پەرلەمان کە بریار بوو لە (٢٠١٨/٦/١٢) ئەنجام بدرێت، دووبارەی دواخرایەوە، جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: بەهۆکاری ئەوەی یاسایی چاکسازی رەهەندی دارایی هەیە و پێویستە تیمی حکومەت بەتایبەت وەزیری دارای و ئابووری ئامادەی دانیشتنەکەبن، بەڵام بەرێزیان رایانەگەیاند کە ناتوانیت ئامادەی دانیشتنەکە بێت، بەوهۆیەوە دانیشتنەکە دواخرا بۆ کاتێکی تر. ئەمەش دوا هەوڵی حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو بۆ پەکخستنی یەکجاری پرۆژە یاسای چاکسازی .

لێرەدا دەردەکەوێت کە تەنها پەرلەمان کەمتەرخەم نەبووە، چونکە ئامادەکارییەکانی کردبوو، بەڵکو خودی حکومەتیش رێگر بوو لەپەسەندکردنی یاساکەدا، چونکە دەیویست یاسایەك پەسەندبکرێت دەرماڵەی فەرمانبەرانی تیادا ببردرێت و موچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی (ئاسایی)ش هاوتای موچەی خانەنشینانی عیراق نەکرێت.

پاشان بەر لە جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٨/٦/٢٦) ، جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەسەر یاسایی چاکسازی وتی: هەوڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ تێپەراندنی پرۆژە یاسای چاکسازی خانەنشینی و مووچەو ئیمتیازەکان رایگەیاند:

"دوای گێرانەوەی ئەو یاسایە بۆ پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بەگرنگییەوە کاری لەسەر ئەو پرۆژەیە کردو بۆ ئەم مەبەستەش سەرپەرشتیی کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوو لیژنەکانی یاسایی و دارایی پەرلەمانی کرد بۆ ئامادەکردنی راپۆرتی هاوبەش لەبارەی ئەو ماددە و برگانەی کە تێبینیان لەسەر هەبووە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمان راشیگەیاند: "لەدەرئەنجامی دووبارە دارشتنەوەو رێکخستنەوەی ناوەرۆکی ماددەو برگەکان، لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە چەندین پێشنیازو سەرنج هەم لەرووی هونەری و تەکنیکییەوە هەمیش لەباری دروستکردنی لێپرسراوییەتیی ئابوورییەوە هاتنەپێشەوەو بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکەو وەرگرتنی رای کۆتایی حکومەتیش کە بەتایبەتی پابەندبوونی دارایی دروست دەکات، ئەوا پێویست دەکات کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان لیژنەکانی یاسایی و دارایی پەرلەمان و حکومەت بەرێوەبچێت و دواتر جارێکی دیکە بخرێتەوە بەرنامەی کار بۆ تێپەراندن و پەسندکردنی".

جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەوەشی خستەروو کە دواکەوتنی گفتوگۆکردنی پرۆژەکە زیاتر لەرووی هونەری و تەکنیکی و وەرگرتنی دوایین پێشنیازەکانی حکومەتە بەهۆی ئەوەی لایەنی ئابووریی هەیە و پەیوەندیی بەهیچ بابەتێکی دیکەوە نییە.

٣- لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٨/٦/٢٦) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٧٤ |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | ١١ |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ٢٧ |

٤- لە دانیشتنی ژمارە (٢) لە (٢٠١٨/٧/١) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٧٨ |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | ٧ |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ٢٥ |

٥- لە دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٨/٧/٢) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٤ |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | ٨ |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ١٨ |

لەم دانیشتنەدا بەرنامەی کار (٤) خاڵ بوو، (٣) خاڵی بەرنامەی کار دانیشتنی رۆژی پێشوو بوو، بـەبێ راگەیانـدی پێشوەختە خاڵێك بۆ بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە سازکرا، ئـەویش خوێندنـەوە بـوو بـۆ(پرۆژە یاسـای پێشـوازیکردن بەپێی پرۆتۆکۆڵ) کە لەبەرنامەی دانیشتنی پێشوودا نەهاتووە، ئەمەش پێشێلی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە.

٦- دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠١٨/٧/٩) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٨٧ ئامادەبوو دانیشتی بەیانی<br>٧٩ دانیشتی ئیوارە |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | ٤ |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ١٩مۆلەت دانیشتی بەیانی<br>٨ مۆلەت ئیوارە |

٧- دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٨/٧/٩) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | دەست نەکەت |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | دەست نەکەت |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ١٨ |

ئەم دانیشتن بۆ تەواو کاری بەرنامەی کاری دانیشتنی پشوو ژمـارە (٤) بـوو، بـەڵام بـەبێ راگەیانـدنی پێشـوەختە سەرۆکایەتی پەرلەمان (٢) خاڵی تری بۆ دانیشـتنەکە زیـادکرد و سـیفەتی پەلـە (ئیسـتعجال)یـان دا بـە خوێندنـەوەی یەکەم بۆ (هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم)، لەکاتێکدا چەندین یاسای گرنگی تر هەبوو کە پێویست بـوو بە سیفەتی بەپەلە کاریان لەسەر بکرێت نەك ئەو یاسایە کە هیچ کاریگـەری نـەمابوو لەسـەر ژیـانی سیاسـی و ئـابوری هەرێم .

٨- دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٨/٧/١١) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | ٧٢ دانیشتنی بەیانی<br>٦٦ دانیشتنی ئیوارە |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | ١٢ |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ٢٦ کەس بەیانی<br>٦ کەس ئیوارە |

٩- دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٨/٧/١٥) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | دەست نەکەت |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | دەست نەکەت |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ١٢ |

١٠- دانیشتنی ژماره (٨) له (٢٠١٨/٧/١٧) ژمارەی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| ژمارەی ئامادەبووان | دەست نەکەت |
| ژمارەی غیابی ئەندامان | دەست نەکەت |
| ژمارەی مۆڵەتی ئەندامان | ١٢ |

لەم دانیشتنەدا پەرلەمانتار (رێواز فایەق) رەخنەی لەبەرنامەی کار گرت بەوەی چۆن دەبێ خاڵی پێنجەم لەبڕگەی یەکەم جارێکی تر خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە پێشتر خوێندنەوەی بۆ کراوە و چاوەڕوانی حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە کەچی جارێکی تر لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکی تر پێشکەش کراوەتەوە ، بۆیە داوای لابردنی کرد و جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەو خاڵەی لابرد کە بریتی بوو لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بەرکاری (استیراد وبیع المنتجات النفطیة رقم ٩ لسنة ٢٠٠٦)، بەپێی بەدواداچونێکی (پەی)، ئەو پرۆژەوە یاساییەی کە دانرابوو خوێندنەوەی بۆ بکرێت هەمان ئەو پرۆژەیاساییە نەبوو کە پەرلەمانتار رێواز فایەق باسی لێوە کرد، بەڵکو یاسایەکی تر بوو کە لەبنچینەدا یاسایەکی فیدرالی بوو بەمەبەستی بەرکار کردن پێشکەش کرابوو.

**دووەم: پرۆسەی یاسادانان:**

**دەرکردنی یاسا:**

لەماوەی ئەم خولەدا پەرلەمان(٨) یاساو (١) بڕیار و پەیرەوی ناوخۆی پەسەند کراوە، بەم شێوەیە:
(٢)یاسای بەرکارکردووە/ (١)یاسای درێژە پێداوە/ (٣)یاسای هەموار کردووە/ (١)یاسای نوێی پەسەند کرووە/ (١)بڕیاری پەسەند کردووە/ لەگەڵ پەسەندکردنی پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمان .

**ئەمەش دەقی تەواو یاساکان:**

١-یاسای ژمارە(٥)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای بەرکارکردنی یاسای هەمواری بیستەمی یاسای میلاکات ژمارە (٢٥) ی ساڵی (١٩٦٠) .[١]

٢-یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی عێراق.[٢]

٣- یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای درێژکردنەوەی کاکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) .[٣]

٤- یاسای ژمارە(8)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە(١٧) ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.[٤]

٥- یاسای ژمارە(9)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری چوارەمی یاسای سندوق خانەنشینی پارێزەرایەتی ژمارە (١٨)ی ساڵی (١٩٩٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.[٥]

٦- یاسای ژمارە(10)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم.[٦]

٨- یاسای ژمارە(11)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری سێیەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.[٧]

٩-پەسەندکردنی پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان .[٨]

**دەرکردنی بڕیار:**

١- بڕیاری ژمارە(١٧)ی ساڵی (٢٠١٨) پێشوازیکردن بەپێی پرۆتۆکۆل لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و هاوتا وەزیفیەکانیان لە فڕۆکەخانەکان و خاڵە سنورریەکان.[٩]

---

(١)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٦/٢٦) بەرکار کرا.
(٢)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٦/٢٦) بەرکار کرا.
(٣)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/١) پەسەند کرا.
(٤)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/٢) پەسەند کرا.
(٥)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/٢) پەسەند کرا.
(٦)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/١١) پەسەند کرا.
(٧)-ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/١٥) پەسەند کرا.
(٨)-ئەم پەیرەوە ڕۆژی (٢٠١٨/٠٧/١٧) پەسەند کرا.
(٩)-ئەم بڕیارە ڕۆژی (٢٠١٨/٧/١١) پەسەند کرا .

## سەرنجەکان لەسەر چەند یاسایەك :

لەگەڵ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەم خولەدا چەندینە پرۆژە یاسای گرنگی لەبەردەست بوو، کە دەیتوانی بەپەسەندکردنیان خزمەت بەخەڵك و پرۆسەی دیموکراسی بکات، بەڵام نەیکرد و لە جیاتی ئەوە چەند یاسایەکی پەسەند، هەموار، درێژە پێدا، کە لەبەرژەوەندی گشتی نەبوو، لێرەدا سەرنجەکانمان لەسەر ئەو یاسایانە دەخەینەڕوو:

***یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی (٢٠١٢)ی عێراق.**[١]

ئەم یاسایە لەساڵی (٢٠١٢) لە عێراق پەسەندکراوە، لەم خولەدا پەرلەمان ئەم یاسایەی بەرکارکرد، لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، **"لەپێناو نەهێشتی تاوانەکانی بازرگانی کردن بەمرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە ترسناکەکانی تاوانەکە و سزادانی تاوانباران و پاراستنی شکۆی تاکەکان و جێبەجێکردنی یاساکە لەهەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا".**

لەماددەی (٨)ی یاساکە (سزای ئیعدام) وەك ئەوەی هاتبوو لە هەرێمیش پەسەندکرا، کە نەدەبوو **لەسەر** بنەمای پێشلکردنی بنەرەتیترین ماف مرۆڤ بێت، ئەمە جگە لەوەی گرووپەکانی بردنە دەرەوەی پەنابەران بە قاچاغ کە مەرجەکانی گرووپەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤیان بەسەردا دەچەسپێت، لەگەڵ وردەکاری دیکەی پەیوەندیدار بە بازرگانیکردن بەئەندامەکانی جەستە و کاری زۆرملێ و بازرگانی بە جەستە، لە یاساکەدا بەروونی شوێنیان نەکراوەتەوە، و بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرج و تایبەتمەندی هەرێم کۆی یاساکە بەدەق وەك خۆی پەسندکرا.

لەبری کارکردن بۆ وەستاندنی یەکجاری سزای لە سێدارەدان لە ناو یاساکان و لە بڕیاری دادگاکان و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکان لەسەر سزادراوان، لە دەروازەیەکی ترەوە سزای لە سێدارەدان هاتەوە ناو یاسایەکی دیکەی هەرێمی کوردستان. بەبێ ئەوەی یەك پەرلەمانتار دەنگی نەخێر دژ بە سزای لە سێدارەدان بەرزبکاتەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی پەرلەمانتاران بانگەشەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ دەکەن.[٢]

***یاسای ژمارە(٧)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای درێژکردنەوەی کاکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦).** [٣]

لە هۆیەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تیرۆر و پاراستنی سەروماڵ و موڵکی هاوڵاتیانی هەرێم و دابینکردنی ئاسوودەیی و سەقامگیریان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

پرۆژە یاساکە بە دەنگی پەرلەمانتارانی (یەکێتیو پارتیو گۆڕانو یەکگرتووی ئیسلامی) درێژکرایەوەو هاوکات فراکسیۆنەکانی کۆمەڵو بزووتنەوەی ئیسلامی دژی درێژکردنەوەی ماوەی کارکردن بوون بە یاساکە.

نەجیبە لەتیف، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند: "ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە یاسایەکی لەم جۆرە هەبێت بۆ بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر، بەڵام ئەم یاساییەی ئێستا یاسایەکی خراپەو زۆر برگەو

---

(١)–ئەم یاسایە ڕۆژی (٢٦/٠٦/٢٠١٨) بەرکار کرا.

(2)–http://payied.org/?p=11597

(٣)–ئەم یاسایە ڕۆژی (١/٠٧/٢٠١٨) پەسەند کرا.

ماددەی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکات، بۆیە ئێمە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی داوامان کرد کە یاساکە هەموار بکرێتەوە، بەڵام یاساکە بە زۆرینەی دەنگ درێژکرایەوە بەو مەرجەی کە لەماوەی شەش مانگدا هەمواربکرێتەوە، راشیگەیاند، نوێنەری مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق، سەردانی پەرلەمانی کوردستانی کردو نامەیەکی لەسەر پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێشکەش بە لیژنەی ماف مرۆڤ و لیژنەی یاسایی و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کردو داوایکرد کە بە هیچ شێوەیەك ئەو پرۆژە یاسایە درێژنەکرێتەوەو کاریشی پێنەکرێت، چونکە ئەو یاسایە پێشێلکاری روونی دژ بە مافەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، ووتیشی ، بە پێی ئەو پرۆژە یاساییە خەڵك حوکم دراوە بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێت".

بوونی یاسای تێرۆر لەهەر وڵاتێك دا، یەکێکە لە پێویستییەکان، ئەمەیش بۆ بەرگرتن لە تیرۆر و پاراستنی سەلامەتیی گیانی هاووڵاتیان، بەڵام نابێت ئەم یاسایە، ببێتە هۆی دەستدرێژیکردن بۆ سەر ئازادییەکان و کەرامەتی هاووڵاتیان و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دیموکراسیی.

لای رۆژنامەنوسان و رۆشنبیرانیش رەخنەو سەرنجی زۆر سەبارەت بە یاساکە دەربڕدرا، لەوانە پێیانوایە کە مادەی یەکەم مەترسیدارترین مادەی نێو یاساکەیە، کە بەشێوەیەکی لاستیکیی (تێرۆر) دەناسێنێت و چەندین دەستەواژەی ریزکردوە، کە سکاڵاکار و دادوەریش دەستیان واڵادەبێت بۆ تۆمەتبارکردنی کەسێك، یان لایەنێك، یاخود گروپ و کۆمەڵە و دامەزراوەیەك کە تۆمەتباربکرێن بە ئەنجامدانی تێرۆر و سەرئەنجام بەپێی مادەکانی دووەم و سێیەم و چوارەمی یاساکە، چۆنیان ئارەزوکرد، لەنێوان سزای لەسێدارەدان دا بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی، تا دەگاتە زیندانیکردنی ١٥ ساڵ، کەسی تاوانبارکراو سزا بدەن.

هەر بۆیە کۆی ئەو دەستەواژە لاستیکییانەی لە مادەی یەکەمی ئەم یاسایەدا خراونەتە ڕوو و بە تاوانی تیرۆر هەژمارکراون، بۆ نمونە هەر رێکخراو و کۆمەڵەیەك هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتیی وڵاتێکی دراوسێ دا هەبێت، یان کونسوڵخانە، یاخود باڵیۆزخانەکانی وڵاتانی جیهاندا لە هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ نمونە: ئەگەر رێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنیی ویستی لەرێی باڵیۆزخانەی وڵاتێکەوە لە عێراق، پرۆژەیەك جێبەجێبکات و پەیوەندیداربێت بە پێشیلکاریی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، یان پێشێلکردنی مافەکانی زیندانییەکانی هەرێمی کوردستان، یاخود هەڕەشەکانی سەر دیموکراسی و ئازادیی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان... هتد، ئەوا دەکرێت پاڵپشت بە دەستەواژە لاستیکییەکانی مادەی یەکەمی ئەم یاسایە و سزاکانی مادەی دووەمی ئەم یاسایە، کەسی دیاریکراوی ناو رێکخراوەکان، سزای (ئیعدام)یان بەسەردا بسەپێنرێت.(١)

***یاسای ژمارە(9)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای هەمواری چوارەم یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان–عێراق ژمارە(١٨)ی ساڵی (١٩٩٩).(٢)**

لەهۆکارەکانی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە، لەپێناو پاراستنی ماف و دابین کردنی ژیانێکی شایستە بۆ پارێزەران و خێزانەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی پەرەسەندن و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەم یاسایە دەرچوێنراوە.

---

(1)–http://payied.org/?p=11837

(٢)–ئەم یاسایە رۆژی (٢٠١٨/٠٧/٢) پەسەند کرا.

دانا دارا راویژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی هەمواری یاساکە کورتە سەرەنجێکی خستۆتە روو و دەنوسێت: "چەندین ماددەی پێویست لەسەر پرۆژە یاسای سەندیکا هەموارکرانەوە،(پیشەی پارێزەری کارێکی بازرگانی نییە و ملکەچ نابێت بۆ سیستەمی باج) لەناو پرۆژە هەموارەکەدا ئەم دەقە هاتبوو، بەڵام بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبوانی دانیشتنەکەی پەرلەمان ئەم دەقە لادرا و پارێزەران دەبێت بەردەوام بن لەدانی رسومات بەسەندیکا و باجیش بە حکومەت، بەداخەوەم و چاوەروان بوین هەموارەکە پشتیوانی ئەم توێژە بکات نەك پێچەوانەکەی".

### *– یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم. [1]

لە هۆیەکانی دەرچوانی یاساکەدا هاتووە، **"لەپێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێگەیشتن لەسەر سیستمی حکومڕانی لەهەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا"**، ئەم یاسایەش رەخنەی چەندین لایەنی سیاسی و کەسانی ئەکادیمی و رۆژنامەوانی لێکەوتەوە. کە پێیان وابوو کارەساتە کاری ئۆپۆزیسیۆن ببێت بە سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەڵات بەبێ ئەوەی خۆی دەسەڵاتی هەبێت و پێیانوایە شەرمێکی سیاسیی بێوێنەیە کە جیاوازییەك لەنێوان گوتاری ئۆپۆزیسیۆن بوون و تێپەڕاندنی یاسا مەترسیدارەکانی دەسەڵاتدا نەمێنێت، وەکو لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا دەردەکەوێت. فیاسکۆ ئەوەیە کاتێك هەڵەی گراماتیکی دەسەڵات کە زمان و بیرکردنەوە و ماناکانی سیاسەت و رێکخستنی دیموکراسییانەی کۆمەڵگا وێراندەکات، لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بکرێت بە رێسایەکی گشتیی بۆ هەمووان. [2]

### *–پەسەندکردنی پەیرەوی نوێی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان .

چەندین شارەزای بواری دەستوور و یاسا دەڵێن: پەیرەوی ناخۆی پەرلەمان، هێزی یاسایی خۆی هەیە و بەشێکیان دەڵێن کە پەیڕەو لەدەستور بچوکترە و لەیاسا ئاساییەکان گەورەترە و بەشێکی تریان دەیخەنە ئاستی یاساوە.

پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵێك ماددەیە بۆ چۆنیەتی رێکخستن و بڕیاردان لەنێو دامەزراوەیەکدا، لە گرنگترین کارەکانی پەیڕەو، دیاریکردنی رێوشیوێنە بۆ مومارەسەکردنی ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان، و رێکخستنی رۆڵە لەنێوان فراکسیۆنەکانی زۆرینە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و پاراستنی هاوسەنگی نێوانیانە، هەروەها پاراستنی ماف کەمینەکانە لە پەرلەمان و چۆنیەتی مامەڵەیە لەگەڵ هەر پرسێکی پەرلەمانیدا.

نووسینەوەی پەیڕەوێکی نوێ بۆ پەرلەمان گرنگ بوو، چونکە پەیڕەوەکەی پێشووی زۆر پرسی چارەسەر نەکردبوو کە لەکاری پەرلەمانیدا دەهاتنە پێش. بەڵام وێڕای بوونی چەندین خاڵی گرنگ لە پەیڕەوە نوێیەکەدا، چەندین خاڵیشی تێدایە کە جێگەی رەخنەی یاساناسان و کەسانی شارەزایە، کۆمەڵێك ماددەی تێدایە کە کاریگەری خراپی لەسەر پێگەی پەرلەمان و ئەرکە سەرەکیەکانی دەبێت.

ئێمە لەسەرەتادا وتەی سەرۆکی کاتی لیژنەی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان دادەنێین، پاشان لەخشتەیەکدا پشت بەست بە رەخنەی کەسانی شارەزا بەراوردێك لە نێوان پەیڕەوی پەسەندکرا و پرۆژە

---

(١)–ئەم یاسایە رۆژی (١١/٠٧/٢٠١٨) پەسەند کرا.

(2)–http://payied.org/?p=13950

پێشنیارکراوە و پەیڕەوی پێشووی پەرلەمان دادەنێن، لەوێ ئەو خاڵانانە دەخەینەروو کە ئەگەر پەسەندبکرایە پەیڕەوەکە لەوەی ئێستا هەیە باشتر دەبوو، هیوادارین لەسەرەتای خولی پێنجەمی پەرلەماندا ئەو خاڵە لاوازانەش هەمواربکرێنەوە، بەجۆرێك لەگەڵ پێگەی پەرلەمانێکی بەهێزدا بگونجێت.

ڕۆژی (٢٠١٤/٠٦/١٦) بە بڕیاری ژمارە (١٠) لیژنەی کاتی پێداچوونەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێکهات بە ئەندامێتی بەڕێزان:

١- ئامینە زکری سەعید

٢- ڤەمان فیصل سلیم

٣- فەرسەت سۆفی عەلی

٤- بەهار مەحمود فەتاح

٥- قارەمان قادر فەتاح

٦- ڕێواس فایق حوسێن

٧- گەشە دارا حەفید

٨- ئەبوبەکر عمر عبدالله

٩- سۆران عمر سەعید

١٠- منى نيب نادر

١١- وحيده ياقو هرمز

١٢- عمر مستەفا باوەمراد

١٣- عبدالرحمن فارس عبدالرحمن

پەیڕەوەکە لە (١٢٦) ماددە پێکهاتووە و لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە ڕۆژی (٢٠١٨/٧/١٧) پەسەندکرا.

فرسەت سۆفی، سەرۆکی لیژنەی کاتی نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند:" بۆ ئامادەکردنی ئەم پەیڕەوە ئێمە ماوەی یەك ساڵ و نیو کارمان کرد، سوودمان لە پەیڕەوی پەرلەمانی (٢٢) وڵات وەرگرت، سەردانی مەیدانیمان بۆ پەرلەمانی سوید کرد و یەك هەفتە لەگەڵیان دەوامما کرد، وە سوودمان لەئەزمونی خولەکانی پێشووی پەرلەمان وەرگرت.

وتی: ئەم پەیڕەوە بەڕێژەی ٨٥٪ گۆڕانکاری تێدا کراوە و بەجۆرێك پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێیە بۆ پەرلەمان پەسەند کراوە و سیستمێکی نوێ بۆ کاری پەرلەمانی دانراوە لەڕووی (بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان، بەشداری ئەندامان لە گفتوگۆ، کاری لیژنەکان و کۆبوونەوەکانیان) وە چاودێری پەرلەمان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و شێوازی دانانی یاسا بەتەواوی گۆڕاوە و دەشڵێت: "بەڕای ئێمە ئەم پەیڕەوە تەکانێکی گەورەیە لە کارا کردنی ڕۆڵی تەشریعی و ڕەقابی پەرلەمان". وتیشی: گۆڕانکاری لەشێوە و ناوەڕۆکی پرسانددا کراوە، ئەگەر وەزیر نەیەتە پەرلەمان، پاش ڕێکارەکان دەتوانرێت بەبێ ئامادەبوونی پرساندن بکرێت و متمانەی لێ وەربگیرێتەوە .

لەسەر بودجە وتی: پەرلەمان بۆی نیە بودجە زیاد بکات، بەڵام بۆی هەیە گواستنەوە لەنێوان بابەکان بکات، چونکە زیادکردنی بودجە ئەرکی پەرلەمان نیە. زیاتر ڕونیکردەوە کە: ڕۆژەکانی هەفتە، پەرلەمان کاری دەبێت، بە

نموونـە رۆژانـی یەکشـەممە پەرلـەمانتار بـۆ خـەڵکی دەبێـت و دووشـەممە کۆبوونـەوەی لیژنـەکان دەبێـت و رۆژانـی سێشەممە و چوارشـەممە کۆبوونـەوەی ئاسـایی پەرلـەمان دەبێـت و پێـنج شـەممەش کۆبوونـەوە لەگـەڵ بەرپرسـانی حکومەت دەبێت".

دەربارەی بەشداری پەرلەمانتار لە گفتوگۆکاندا، وتی: پەرلەمانتار دەبێت بزانێت چۆن قسە دەکات، ئەگەر لـە (٢) خولەك زیاتر قسە بکات مایکی لەسەر دەکوژێتەوە، دەرگای موزایەداتمان بەتەواوی داخستووە.

فرسەت سوفی، راشیگەیاند: ئەم پەیرەوە بەدەستکەوتێکی گرنگی خولی چوار دەزانێـت و بـەجێ بـەجێکردنی ئـەم پەیرەوە کات لەپەرلەمان بەهەدەر ناڕوات، و خولی داهاتووش دەتوانێت پەرلـەمانێکی زۆر کـارا بێـت لـە سـایەی ئـەم پەیرەوە وە.

لەلایەکی ترەوە شارەزایان ئەم رەخنانەیان لەسەر پەیڕەوەکە هەیە:

١–ئەرکی چاودێری پێش ئەرکی یاسادانان خراوە، کە لەراستیدا گەورەترین ئەرکی پەرلەمان یاسـادانانە و لەپلـەی دووەم چاودێری و پەسەندکردنی بودجە دێت.

٢–لە بەشـی یاسـادانان، مـاددەی (٧٨) جگـە لـە پەرلـەمانتاران و حکومـەت رێگـە بـە دەسـەڵاتی دادوەری دراوە پرۆژە یاسا و بڕیار پێشکەش بکـەن لـەو بابەتانـەی پەیوەندیـدارن بـەخۆیان، کـە ئەمـە دەسـەڵاتی پەرلـەمان بـوو لـە پەیرەوی پێشوو، وە دەستەواژەی (پێشنیازی ئەو یاسا بریارانەی لەلایـەن دامـەزراوە فەرمییەکانـەوە، بـەپێی یاسـای کارپێکراوەکان، پێشکەش دەکەن) دانـراوە، کـە ئەمـە لـە راسـتیدا دەسـتەواژەیەکی سـەیرە! دامـەزراوە فەرمیـەکان ئەگەر بەستراونەتەوە بەحکومەتەوە ئیتر چـۆن دەتـوانن خۆیـان پـرۆژە پێشـنیاری یاسـا بـۆ پەرلـەمان رەوانـە بکـەن لەکاتێکدا ئەوان خۆیان لەرێی مەرجەعی خۆیانەوە دەتوانن بەم ئەرکە هەڵسن.

٣–دژ یەکی تیایە لەگەڵ یاسای ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢) کـە ئامـاژە بـەبوونی یـەك جێگـر و سـکرتێری پەرلـەمان دەکات، نەك دوو جێگر.

٤–چارەنووسـی پەرلـەمانتار دوای تـەواو بـوونی خـول، پێچـەوانەی یاسـای ژمـارە (١٢)ی سـاڵی (١٩٩٩) یـە کـە پەرلەمانتار ناچاردەکات بە خانەنشین بوون.

٥–رۆڵی لیژنەی یاسایی، زۆر گەورە کراوە، بەشێوەیەك بووە بە پەرلەمانێکی بچوك.

٦– تەکلیفکردنی حکومەت لەناو پەیرەوەکەدا نەهاتووە.

٧– لەپەیرەوەکەدا هاتووە کە پەرلەمانتار نەتوانێت لە فراکسیۆنەکەی جیا ببێتەوە و لـە ئەگـەری لادان لـە کـاری فراکسیۆنەکە ئەوا فراکسیۆن بتـوانێ کەسـێکیتر بخاتـە جێگـەی، لـە ڕاسـتیدا ئەمـە خاڵێکـە لەبەرژەوەنـدی حیزبـی و تاڕادەیەکیش پێچەوانەی سیستەمی هەڵبژاردنە کەنیمچە کراوەیە، ئەگەر ئەم خاڵە بۆ سیسـتەمی لیسـتی داخـراو بێـت ئاسایی بێت ئەوا لەلیستی نیمچە کراوەدا نەگونجاوە، چونکە هاوڵاتیان دەنگ بە کاندیـدیش دەدەن لـەپاڵ لیسـتەکەدا بۆیە هەڵەیە ئەو ئازادیە لە پەرلەمانتار وەرگیرێتەوە.

*لەم خشتەیەدا پەیرەوی پەسەندکراو، پرۆژەیاسای پەیڕەوەکە، پەیرەوی پێشوو، بەراوورد دەکـەین و ئامـاژە بـە خاڵە باشەکان دەدەین کە گرنگ بوو لەم پەیرەوە نوێیەدا هەبوایە:

| پەیڕەوی پەسەندکراو | پرۆژە پەیڕەوەکە | پەیڕەوی پێشوو | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەپێی ماددەی (٩):<br>یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەئاشکرا دەبن . | بەپێی ماددەی (٩):<br>رای یەکەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەئاشکرا دەبن و دەشێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەخش بکرێن.<br>رای دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەئاشکرا دەبن . | ماددەی ٩: دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرایی دەبن و دەکرێت لە سەر داواکاری سەرۆك یان یەك لە سەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی کەمتر نەبێت و بە ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان بکرێتە نهێنی | گرنگ بوو دانیشتنەکانی پەرلەمان، بەئاشکرابن و بەشێوەیەکی راستەوخۆش پەخش بکرێن . |
| ماددەی (٢٩) لیژنەکانی پەرلەمان کراوە بە (١٥) لیژنە | ماددەی (٢٩) لیژنەکانی پەرلەمان کراوە بە (١٦) لیژنە لەگەڵ بوونی چەند رایەکی جیاواز | ماددەی (٣٨) لیژنە هەمیشەییەکان ژمارەیان (٢٢) لیژنەیە | هەرلیژنەیەك تایبەتمەندی خۆیان هەبوو، هەڵوەشانەوەیان کاریگەری نەرێنی لەسەر کاروباریان دەبێت. |
| بەشی حەوتەم : چاودێری کردن، ماددەی (٦٠) خاڵی (٣) ئەو لایەنەی پرسیاری ئاراستەکراوە لەماوەی (٧) رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لەهەموو حاڵەتێکدا نابێت وەڵامی پرسیارەکە لە (٢١) رۆژ زیاتر بخایەنێت | بەشی حەوتەم : چاودێری کردن، ماددەی (٦٨) خاڵی (٣) ئەو لایەنی پرسیاری ئاراستەکراوە لەماوەی (٧) رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لەهەموو حاڵەتێکدا نابێت وەڵامی پرسیارەکە لە (٢١) رۆژ زیاتر بخایەنێت | ماددەی ٦٥: سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرسیاری نووسراوی دەسبەجێ لە دوای خوێندنەوەی وەڵام بداتەوە یان لە ماوەی پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێدانی پرسیارەکە بە نووسراو وەڵام بداتەوە. | (٢١) رۆژ کاتێکی زۆرە بۆ کۆتا وادە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیار، (١٥) رۆژی پەیڕەوی ناوخۆی پێشوو باشتربوو. |
| ماددەی ٧٨<br>پرۆسەی یاسادانان، بریتیە لە گفتوگۆ و پەسەندکردنی:<br>یەکەم: پرۆژە یاسا، یان پرۆژە بڕیار، کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، پێشکەش دەکرێن.<br>دووەم: پێشنیازی یاسا، یان بڕیار کە لەلانی کەم، لەلایەن١٠ دە ئەندامەوە پێشکەش دەکرێن.<br>سێیەم: ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی، لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە پێشکەش دەکرێن، لەو بابەتانەی پەیوەندیدارنبەخۆیان.<br>چوارەم: پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەی، لەلایەن دامەزراوە فەرمییەکانەوە، بە پێی یاسا کارپێکراوەکان، پێشکەش دەکرێن. | هەمان دەقی پەسەندکراوە | لە ماددەی ٧١ خاڵی (١) دا هاتووە:<br>ئەنجومەنی وەزیران یان کەمتر نەبێت لە دە ئەندام پەرلەمان بۆیان هەیە پرۆژە یاساو بڕیار پێشنیار بکەن و پەرلەمانیش گفتوگۆی یاسا یان بڕیارەکە ناکات پێش ئەوەی لێژنەی تایبەتمەند تێڕوانینی بۆ بکات. وە هەر پرۆژەیەکیش پەرلەمان رەتی بکاتەوە لە ماوەی هەمان خولی گرێدراودا پێشکەشی ناکرێتەوە. | لێرەدا ماددەی (٧١) خاڵی (١) پەیڕەوی پێشوو گونجاوترە، لە ماددەی (٧٨) و خاڵەکانی، چونکە لەپەیڕەوی پێشوودا، تەنها پەرلەمان و حکومەت بۆیان هەیە پرۆژە یاسا و بڕیار پێشکەش بکەن، بەڵام لە پەیڕەوی نوێدا ئەم مافەی دراوە بە دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوە فەرمییەکانی تر، کە ئەمەش کەم کردنەوەی دەسەڵاتی پەرلەمانە.<br>دامەزراوەی فەرمی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەگەر دامەزاوەی فەرمی هەیە و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران نیە، بۆ ناوی نەهاتووە مەبەستی چی یە ! |
| ماددەی ٨١<br>سێیەم: پرۆژە یاسا، بە بنەما دادەنرێت، ئەگەر پێشنیازی یاسای تر، پێشکەشکراو لە رووی بنەماوە یەکبوون، بە مەرجێك پێشنیازی یاسا/ نەچووبێتە قۆناغی راپۆرت نووسینەوە. | هەمان دەقی ماددەی (٨١) | | ماددەی (٨١) سێ خاڵی هەیە و لەهەرسێ خاڵەکەدا بایەخی داوە بەپرۆژە یاسای حکومەت، بەتایبەت خاڵی (٣) کە ئەمە ناهەوسەنگیە لەنێوان ئەرکی پەرلەمان و حکومەت . |
| ماددەی (٨٣) خاڵی (٢)دەڵێت: | هەمان دەقی ماددەی (٨٣) | ماددەی ٧١ | ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی نوێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندیی زیاتر لە یەك لیژنە بوو، دەستەی سەرۆکایەتی، بەهەماهەنگی، لەگەڵ لیژنەی یاسایی، بریار دەدات بە بەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە و ناردنی هەریەشەو بۆ لیژنەی تایبەمتەند، لیژنەش تەنیا لە سەر ئەو بەشە راپۆرت ئامادە دەکات کە ئاراستەی کراوە. | | ٢– ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی دەگەنە پەرلەمان لەگەڵ لیستی هۆیە پێویستکارەکانی بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێت و لە یەکەم دانیشتن پووختەکەی دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆکردن و ئینجا ڕەوانەی لێژنەی تایبەتمەند دەکرێت.<br>٣– لێژنەی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە تاوتوێکردنی پرۆژە یاساکەو راسپاردەو پێشنیارەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی کاروباری یاسایی دەخاتەڕوو.<br>٤– لە لایەن هەردوو لێژنەوە راپۆڕتێکی هاوبەش بەرز دەکرێتەوە، پاش دارشتنی لە لایەن لێژنەی کاروباری یاساییەوە، لە ماوەی دە رۆژ لە ڕێکەوتی هاتنی بۆ هەردوو لێژنەکە، تەنها ئەگەر داوایان لێ بکرێت بەشێوەیەکی بەپەلە تێڕوانینی بۆ بکەن ئەوسا لە ماوەی (پێنج رۆژ) پێشکەش دەکرێت. | روون نیە، ئەگەر مەبەستی لە بەش بەش کردن، نەناردنی تەواو پرۆژە یاساکە بێت بۆ لیژنەی پەیوەندیدار؟ ئەوە کارێکی سەرکەوتوو باش نیە و لیژنە پێویستە تەواو پرۆژە یاساکەی لەبەردەست بێت بۆ نووسنی سەرنجی خۆی لەسەری.<br>لەم روەشەوە پەیرەوی پێشوو رونتر ئاماژەی بە ئەرکی لیژنەکان و لیژنە هاوبەشەکان کردووە . |
| ماددەی١١٠ :<br>یەکەم: هەر پارت و قەوارەیەکی سیاسی، بەشداریی، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات، خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت و کورسی بەدەست هێنا دەبێتە فراکسیۆن. | ماددەی ١٢٤:<br>١ –کۆی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە یەکێك لەو لیستانەیە کە بەشداری هەڵبژاردنی گشتیان کردوەو<br>سەرکەوتنیان بە دەست هێناوەو پێك دێن لە () ئەندام .<br>لە سەر ژمارەی ئەو ئەندامانەی فراکسیۆن پێکدەهێنن: سێ را هەیە :<br>رای یەکەم: لەیەك ئەندام<br>رای دووەم: لە پێنج ئەندام<br>رای سێیەم: رایەکیش هەیە کە تایبەمتەندی بدرێتە پێکهاتەکان لە ژمارەی فراکسیۆن. | بەشی یەکەم، پێناسەکان،<br>ماددەی (١) هاتووە:<br>فراکسیۆن: کۆی گشتی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە یەکێك لەو لیستانەی هەڵبژاردن کە بەرێژەی ٧٪ بەرەو سەرەوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. | ئەگەر سەرنج بدەین، لە پەیرەوی پێشووی پەرلەمان، روونە بەچەند کەس فراکسیۆنێك پێکدەهێنن، بەڵام ئەوەی جێگەی تێبینیە لەخولی سێیەم و چوارەمیش بەیەك کورسی دەوترا فراکسیۆن ! کە ئەمە پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ بووە و ئێمە لەکاتی خۆشییدا رەخنەمان گرتووە، ئەوەی ئیستا بەپڕەوی نوێدا پەسند کراوە ئەوەیە کە دوو خولی پێشوو بە ناپەیرەوی جێبەجێیان کرد. |
| | ماددەی (١٢٥) دەستەی گشتی پێشنیار کردبوو، کە دەلێت: دەستەی گشتی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمان سەرپەرشتی دەکرێت و پێکدێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان، چەند ئەرکێکی بۆ دیاریکرابوو. | | لە پرۆژە پێشنیارکراودا دەستەیەك پێشنیارکرا بەناوی دەستەی گشتی، ئەو دەستەیە گرنگ بوو بۆ هاوهەڵوێستی نێوان فراکسیۆنەکان و چەند کارێکی تر. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماددەی (١١١) ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی: ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانییانە دەگرێتەوە، کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە، یان لێی دەکشێنەوە و ئازادی کاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆنیان، بۆ دەستەبەر دەکرێت. | ماددەی (١٢٨) ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی: ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانە دەگرێتەوە کە بەشداری پێکهێنانی کابینەی حکومەتیان نەکردووە.<br>ماددەی (١٢٩) : ئەو فراکسیۆنانەی مەبەستیانە ببنە ئۆپۆزسیۆن، پێویستە لەدانیشتنێکی پەرلەماندا بە یاداشتێکی نوسراو ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان رابگەیەنن بەمەرجێك لە (٣) ئەندام کەمتر نەبێت.<br>ماددەی (١٣٠): ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی ئەو ماف و جیاوکانەی هەیە:<br>١-بەپێی قەبارەی خۆیان بەشیان دەبێت لە لیژنەکانی پەرلەمان بەتایبەتی لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکالاَ و لیژنەی ئابوری و وەبەرهێنان.<br>٢-ئەگەر لەسەر هەر ماددە و برگەیەك چەند بۆچونێك هەبوو بۆچونی ئۆپۆزسیۆن پێش ئەوانی تر دەخرێتەدەنگدانەوە.<br>٣-لەگەڵ دانیشتنی یەکەمی هەر وەرزێك ئۆپۆزسیۆن بەیەك وتار باری سەرەنجی خۆی لەسەر بارودۆخی گشتی و لەچوارچێوەی رێسادەستووری و یاساییە بەرکارەکاندا دەخاتەروو.<br>٤-بەگوێرەی رێژەیان لە چالاکی دبلۆماسی پەرلەمان و شاندەکان بەشداری دەکەن.<br>٥-ئەگەر ئۆپۆزسیۆن فراکسیۆنی نەبوو، ئەوا نوێنەرێکیان لە دەستەی گشتی دا دەبێت وە بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکات.<br>٦-لەسەر زیادکردنی ئەم برگەیە دوو را هەیە:<br>یەکەم: پێی وایە پێویست ناکات ئەم برگەیە هەبێت .<br>دووەم : ئەگەر ئۆپۆزسیۆن ¼ ی ئەندامانی پێکهێنا ئەوا لە دەستەی سەرۆکایەتی جێگر یان سکرتێری دەبێت . | باسی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانەی تیادا نیە | لە پرۆژە پێشنیارکراوی پەیرەوەکەدا، بەشێکی تایبەت بۆ ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دانراوە، کە بەووردی روونیدەکاتەوە کێن و ژمارەیان چەندە و مافیان چیە، بەلاَم ئەم بەشە لادراوە و تەنها لە ماددەی (١١١)ی پەیرەوە پەسەندکراوەکەدا بەچەند دێرێك ئۆپۆزسیۆن پێناسەکراوە . |
| ماددەی ١١٥:<br>هەریەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتی پرۆتۆکۆل و هاریکاریی نێودەوڵەتی، بەدەستەی سەرۆکایەتیەوە پەیوەست دەبن . | ماددەی (١٣٦) دەڵێت:<br>هەریەك لە سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و سەرنتەری راوێژکاری یاسایی و دەستووری پەیوەست دەبن بە سەرکایەتی پەرلەمانەوە.<br>رایەك هەیە پێی وایە سەنتەری راوێژکاری یاسای پێویست ناکات هەبێت . | لەپەیرەوی پێشوودا هیچ یەکێك لەو سەنتەرانەی نەبووە کە لە پەیرەوی پێشوودا هاتبوون. | سەنتەری راوێژکاری یاسایی و دەستووری گرنگ بوو، هەم بۆ راوێژ کردن بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەم بۆ هاوکاری کردنی لیژنەی یاسایی، بەتایبەت لەم پەیرەوە نوێیەدا ئەکی لیژنەی یاسایی زۆرە . |

# خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاساکان:

لەماوەی ئەم خولەدا، پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەم پرۆژە یاساو بڕیارانە کردووە:

| ژ | ناوی یاسا و بڕیار | ئەو لیژنانەی ئاراستەیان کراوە | ژ. دانیشتن | مێژووی خوێندنەوە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای دەستەبەری (تضمین) ژمارە (٣١)ی ساڵی (٢٠١٥) لەهەرێمی کوردستان | یاسایی | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٢ | پرۆژە یاسای ئەکادیمیای زانستی سریانی لە هەرێمی کوردستان. | یاسایی/پەروەردە/رۆشنبیری | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٣ | پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردن و جێبەجێکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ی عێراق لە هەرێمی کوردستان | یاسایی/ناوخۆ/ مافی مرۆڤ | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٤ | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠١٧ | یاسایی | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٥ | پرۆژە یاسای ئەنجوومەنی کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستا | یاسایی/ ئافرەتان | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٦ | پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ لە هەرێمی کوردستان | یاسایی/ناوخۆ/ مافی مرۆڤ/ | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٧ | پرۆژە بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی کارەساتی شنگال. | یاسایی/ شەهیدان | ١ | ٢٠١٨/٠٦/٢٦ |
| ٨ | پرۆژە یاسای پارێزگاری لەتۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ | یاسایی/شارەوانی | ٣ | ٢٠١٨/٠٧/٢ |
| ٩ | پرۆژە یاسای پێشوازیکردن بەپێی پرۆتۆکۆڵ | یاسایی/شارەوانی/ کشتوکاڵ | ٣ | ٢٠١٨/٠٧/٢ |
| ١٠ | یاسای هەمواری یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێم | یاسایی/شارەوانی | ٤ | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ١١ | پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٢ رێگا گشتییەکانی هەرێم | یاسایی/ شارەوانی / ئاوەدانکردنەوە | ٤ | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ١٢ | پرۆژە بڕیاری تەملیککردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لەسنووری شارەوانییەکان | یاسایی/ شارەوانی | ٤ | ٢٠١٨/٠٧/٠٩ |
| ١٣ | پرۆژە یاساکانی (هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق) | یاسایی/شارەوانی | ٥ | ٢٠١٨/٠٧/١٠ |
| ١٤ | هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم | یاسایی | ٥ | ٢٠١٨/٠٧/١٠ |
| ١٥ | پرۆژە یاسای هەمواری پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستان | یاسایی | ٦ | ٢٠١٨/٠٧/١١ |
| ١٦ | پرۆژە یاسای (دەزگای کۆنترۆڵی جۆری دڵنیایی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق). | یاسایی/تەندروستی/ناوخۆ /بەکاربەر | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ١٧ | پرۆژە یاسای (پارێزگاریکردن لەهێما و پیرۆزییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان). | یاسایی/ئەوقاف /مافی مرۆڤ | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ١٨ | پرۆژە یاسای (تعويض متضرري الحروب في كوردستان). | یاسایی/ پێشمەرگە/ ناوخۆ/ ماف مرۆڤ | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ١٩ | پرۆژە یاسای بەرکاری (قانون حماية الشهود والخبراء والمخبرين والمجني عليهم رقم (٥٨) لسنة ٢٠١٧). | یاسایی/ | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢١ | پرۆژە یاسای بەرکاری (استيراد و بيع المنتجات النفطية رقم (٩) لسنة ٢٠٠٦). | یاسایی/بەکاربەر | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢٢ | پرۆژە یاسای بەرکاری (قانون بط الاموال المهربة والممنوع تداولها في الاسواق المحلية رقم (١٨) لسنة ٢٠٠٨). | یاسایی/ نەزاهە | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |
| ٢٣ | پرۆژە بڕیاری (زیندووکردنی حەفتەی پێکەوەژیانی ئایینان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق). | یاسایی/ ئەوقاف/ رۆشنبیری | ٧ | ٢٠١٨/٠٧/١٥ |

## گفتوگۆی کراوه و بیرۆکه :

گفتوگۆی کراوه که شێوازێکه (نه یاسایەو نه بڕیارەو نه راسپاردەیە)، زیاتر بۆ قسەکردنی فراکسیۆنەکان و ئەندامەکانیانە لەناو هۆڵی پەرلەماندا، لەو ماوەیەدا ئەو گفتوگۆیانە کراون:

**١-لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠١٨/٧/٩) لە خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاردا هاتووە (گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی) سازکرا.**

جێگری سەرۆکی پەرلەمان بەپێی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کار داوای لە هەندرێن محەمەد، سەرۆکی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی کرد روونکردنەوەکانی کۆمیسیۆن سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بخاتەڕوو. سەرۆکی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی لەروونکردنەوەکانیدا چۆنیەتیی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و پرۆسەکانی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان و چۆنیەتیی رێکخستنەوەی ناوەندەکانی تۆماری دەنگدەرانی بۆ پەرلەمان خستەڕوو. دوای تەواوبوونی روونکردنەوەکانی سەرۆکی کۆمیسیۆن، لەلایەن بەشی کارگێڕیی کۆمیسیۆنەوە لەرووی تەکنیکییەوە زانیاری لەبارەی چۆنیەتیی پاککردنەوەی تۆماری دەنگدەران و نوێکردنەوەی بۆ پەرلەمانتاران باسکران.

دواتر جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەرگای گفتوگۆی بەڕووی پەرلەمانتاران کردەوەو چەندین پرسیارو تێبینی لەبارەی پرۆسەی دەنگدان و تۆماری دەنگدەران و وردەکارییەکانی دیکەی پەیوەست بەدەنگدەران ئاراستەی ئەندامانی دەستەی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی کران، بەلام ئەوەی تێبینی کرا ئەوە بوو:

—لە دانیشتنەکەدا ئەندامانی پەرلەمان رەخنەیان گرت لەوەی ئەو راپۆرتەی کە لەناو کۆبونەوە خوێندیانەو پێویست بوو پێشتر لەبەردەستیان بێت، کەچی بۆیان دانەنراوە.

—داوای سیدی تۆماری دەنگدەرانیان کردبوو پێشتر بەلام کۆمسیۆن پێی نەدابوون تا ساتی کۆبوونەوەکەش.

—لەلایەن پەرلەمانتارانەوە زۆرترین پرسیار و رەخنەو سەرنج ئاراستەی کۆمسیاران کرایەوە، بەلام کۆمسیۆن خۆی لە پرسیارەکان دزیەوەو وەلامی پێویستی پەرلەمانتارانی نەدایەوە.

—لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە رەخنە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا لەوەی کە بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵنەساوە لە چاودێری کردن و لێپێچینەوەی کۆمسیۆندا و یاداشت و داواکارییەکانی پەرلەمانتارانی نەگەیاندووە بە کۆمسیۆن، یا لەئاست کەمتەرخەمی کۆمسیۆندا بێدەنگ بووە.

—ئەو راپۆرتەی لەلایەن سەرۆکی فەرمانگەی کارگێڕیی کۆمسیۆنەوە سەبارەت بە پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران پێشکەشکرا، راپۆرتێکی بێ بنەما بوو، چونکە لەراستیدا تۆمارەکە پاك نەکرابوویەوە، ئەم راستیە لای بەشێك لەپەرلەمانتارانیش ئاشکرا بوو، بەلام گوێیان لێنەگیرا.

**٢-لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤)ی پەرلەمان لە رۆژی (٢٠١٨/٧/٩) پەرلەمانتار غەریب مستەفا، جێگری سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ بیرۆکەیەك سەبارەت بە (کێشەی بەبازاڕکردنی بەرهەمی جووتیاران) بۆ پەرلەمانتاران خوێندرایەوە.**

٣- لەکۆبونەوەکـە ژمـارە (٧)دا لـەرۆژی (٢٠١٨/٧/١٥) پەرلـەمانتار بـەڕێز (مەدینـە ئـەیوب ئەحمـەد) بڕیـاردەری لیژنەی کاروباری پەرلەمان راپۆرتێکی بەناونیشانی (شیکاری لەکاری ئیداری وکارگێڕی لـە پەرلـەمانی کوردسـتان) پێشـکەش کـرد. شـایەنی باسـە هەنـدێك لـە برگـەکانی راپۆرتەکـە بەپێویسـت دەزانـین لێـرەدا وەك خـۆی بڵاودەکەینەوە، کە تیایدا هاتووە :

**لیستی راوێژکارانی خانەنشین کراوەکان**

راوێژکاری پێشکەوتوو و راوێژکاری خانەنشین کراوە ژمارەیان (٤٥) راوێژکارن.

پێشنیاردەکەم هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی نەیاسایی پێداچونەوەی راستکردنەوەی خانەنشـینی ئـەو راوێـژکاران لە دیوانی پەرلەمانی کوردستان کە بەدەر لە یاسا یـان پلـەی بـەرزتر لـە شایسـتەی خۆیـان وەرگرتـووە، دەبێـت لـە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بکرێت مـاوەی نێـوان دامەزرانـدن و خانەنشـینی راوێـژکاربوونی و راوێـژکاران لـە یـەك رۆژدا دامەزراوە بۆتە راوێژکاری پێشکەوتوو و خانەنشین کراون ساڵانی تەمەن و خزمەت پێچـەوانەی یاسـای ژمـارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ خانەنەشینی هاتییە کرن.

| ژ | راوێژکاران | ماوەی ساڵانی خزمەت |
|---|---|---|
| ١ | (2) دوو راوێژکار | (1) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٢ | (1) یەک راوێژکار | (5) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٣ | (4)چوار راوێژکار | (6) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٤ | (1) یەک راوێژکار | (7) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٥ | (1) یەک راوێژکار | (8) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٦ | (1) یەک راوێژکار | (9) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٧ | (2) دوو راوێژکار | (11) مانگ خانەنشین کراوە |
| ٨ | (4) چوار راوێژکار | (1) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ٩ | (10)دە راوێژکار | (2) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١٠ | (4) چوار راوێژکار | (3) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١١ | (5)پێنج راوێژکار | (4) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١٢ | (4) چوار راوێژکار | (5) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١٣ | (3)سێ راوێژکار | (6) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١٤ | (1) یەک راوێژکار | (8) ساڵ خانەنشین کراوە |
| ١٥ | (2)دوو راوێژکار | (10) ساڵ خانەنشین کراوە |
| | کۆی گشتی | ( 45) راوێژکار |

**سوپاسنامە**

١– سوپاسـنامە لـەلایی سـەرۆکی پەرلـەمانی بـوو راوێـژکار و فەرمانبـەرانی خزمـەت بـە (٦)شـەش مـانگ هـەژمار دەبێت.

٢–لەلایی دیوانی پەرلەمانی کوردستانی بە یەك مانگ (١)هەژمار دەبێت.

٣–لە یەك ساڵی ٣ سیٚ سوپاسنامە بۆ هەر راوێژکار و فەرمانبەری هەژمار دەبێت.

٤–ڕێژەی زۆر ڕاوێژکار و فەرمانبەر لە چوار جار سوپاسنامە وەرگرتووە.

نموونە : ڕاوێژکار یان فەرمانبەر ٣ سێ تا چوار جار سوپاسنامە وەرگرتووە ، خزمەتی بە (١)ساڵ بە (٢)دوو ساڵ و نیوو هەژمار دەکرێت، ل( ٤)چوار ساڵی خزمەتی دەبێت (١٠)دە ساڵ.

تێبینی سوپاسنامە بۆ فەرمانبەران و ڕاوێژکاران ڕێژەی زۆر لەلای سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکان ئاراستەی سەرۆکاتی پەرلەمان کراوە.

پێشنیاردەکەم و هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو سوپاسنامەی ئەو فەرمانبەر و ڕاوێژکاران لسەر بنەمایی هەژمارکردنی خزمەتی وەزیفی و بارگرانیە بۆ گەنجینەی حکومەت و لە کاتی خانەنشینی.

| ژ | ساڵ | | ژمارە |
|---|---|---|---|
| 1 | 2014،2015<br>2016،2017 | ڕاوێژکار | 52 |
| | | فەرمانبەر | 281 |
| کۆی گشتی | | 333 | |

**پێشینەی قەرزی نیشتەجێبون بۆ ڕاوێژکار و فەرمانبەران**

بە پێی فەرمانی ژمارە (ك / ١٨٩) لە ٢٠١١/٢/١٤وە فەرمانی ژمارە(پ/١٠٠) لە بەرواری ٢٠١١/٢/٨لیژنەگەشیتین ئەم خال لە کاتی دانی قەرزی درێژخایەن و بێ سوود بۆ کڕینی خانووی نیشتەجێبون بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە دابەشکراوە.

| ژمارە | پلە | کوژمەی سلفە |
|---|---|---|
| 1 | تایبەت | 000،000،192ملیۆن دینار |
| 2 | یەک و دوو | 000،000،144ملیۆن دینار |
| 3 | سێ و چوار | 000،000،120ملیۆن دینار |
| 4 | پێنج و شەش | 000،000،102ملیۆن دینار |
| 5 | حەوت و هەشت | 000،000،84 ملیۆن دینار |
| 6 | نۆ و دە | 72،000،000 ملیۆن دینار |

| وەجبە | کوژمەی سلفە |
|---|---|
| وەجبە یەکەم | 000،000،782،28ملیار دینار |
| وەجبە دووەم | 000،025،268،7 ملیار دینار |
| کۆی گشتی | 36،050،025،000 ملیار دینار |

ئەركی پەرلەمانی كوردستان دەسەڵاتی تشریع كردنە نە پێدانی قـەرز بـۆ راوێـژكار و فەرمانبـەران، كـە لـە هـەمان كاتدا بانكی خانووبەرە هەبوو بۆ گشت هاوڵاتیان و فەرمانبـەرانی هـەرێمی كوردسـتان. ئەگـەر پەرلـەمانی كوردسـتان كاری قەرز بێت ئەوە ماف هەموو خەڵكی هەرێمی كوردستان قەرز وەربگرێت.

پێشنیار دەكەم بەزوترین كات فەرمان دەربچێت دەرباری قەرزی راوێژكاران و فەرمانبەران كە مانگانە رێژەیەك بـۆ برینی قەرزەكانیان بێتە دانان.

**كۆی گشتی ئۆتۆمبێلەكانی دیوانی پەرلەمان چۆنیەتی دابەشكردنیان و خەرجی چاك كردن و سووتەمەنی بـۆ بەرێتان روون دەكەم.**

| ژ | لای بەرێز | ئوتومبێل |
| --- | --- | --- |
| 1 | سەرۆكایەتی پەرلەمان | 6 |
| 2 | بەرێوەبەری گشتی دیوان | 1 |
| 3 | بەرێوەبەری گشتی دیوان بە وەكالەت | 1 |
| 4 | ئەندامانی پەرلەمان | 12 |
| 5 | راوێژكارانی پەرلەمان | 42 |
| 6 | نووسینگەكان | 8 |
| 7 | بەرێوەبەری بەرێوبەرایەتیەكان | 4 |
| 8 | بەرێوەبەری بەش | 18 |
| 9 | دیوان(هاتووچووی فەرمانبەران) | 27 |
| 10 | ئاسایشی پەرلەمان | 3 |
| ١١ | پرۆتۆكۆل | ٤ |
| كۆی گشتی | | ١٢٦ |

١-دیوانی پەرلەمانی كوردستان خاوەنی(١٢٦) ئۆتۆمبێلە، بەم شێوەیە خوارەوە دابەشكراوە

٢-خەرجی و سووتەمەنی (بەنزین و گاز) بۆ ئوتۆمبیلەكانی دیوانی پەرلەمان مانگانە خەرج دەكرێت.

٣- بەشـی هـەرە زۆری خـەرجی خزمەتگوزاریـەكان رون گـورین و چـاككردن و شوشـتنی ئـەو ئوتومبێلانـەی لای راوێژكار و فەرمانبەرانن خەرج دەكرێت كە ژمارەیەكی زۆری شۆفێر لای راوێژكارانە كە ژمارایان (١٧) شوفێرە.

## نوسینگەکانی دیوانی پەرلەمانی کوردستان

١-ژمارەی نووسینگەکان (٨) نووسینگەی

٢-ژمارەی فەرمانبەران (٨٩) فەرمانبەرە

٣-گرێبەستەکان (١٦)گرێبەستە

تێبینی : سەبارەت بە نووسینگەکانی پەرلەمانی کوردستان ، هەموو نووسینگەکان بەکرێ نە کە خەرجی کرێ نووسینگەکان و مووچەی فەرمانبەران و خزمەتگوزاری مانگانە زۆرە

پێشنیار دەکەم : لە جێگای نووسینگەکان سندوق لە هەموو پارێزگا و قەزاکان و ناحیەکان بێتە دانان بۆ کاروباری هاوڵاتیان، هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە لە ناو نوسینگەکانن بگوازرینەوە بۆ ئەو وەزارەتانەی کە پێویستی بە فەرمانبەرە.

| ژ | ناوی نووسێنگە | ژمارەی فەرمانبەران | تیبێنی |
|---|---|---|---|
| 1 | سلێمانی | 18 | 3گرێبەست |
| 2 | هەڵەبجەی شەهید | 5 | |
| 3 | دهۆک | 14 | 1 |
| 4 | ئاکرێ | 6 | |
| 5 | زاخۆ | 6 | 1 |
| 6 | سۆران | 13 | |
| 7 | رانیە | 15 | 1 |
| 8 | کەرکوک | 12 | 10گرێبەست پاسەوان |
| کۆی گشتی | | 89 | 16 |

## رێنمایی وەزارەتی دارایی و فەرمانی دیوانی پەرلەمانی کوردستان

١- رێنمایی لە وەزارەتی دارایی ئابووری ژامرە (١٠)نوسراوی ژمارە ٧٨٥٥/٤/١بەرواری ٢٠١١/٤/٢٨دەرچووە بە مووچەی دەرماڵەی مەترسی رێژا ٢٠٪ بۆ خاوەن بروانامەی دەرچووانی ل زانکۆی یاسا و ماف خەرج دەکرێت

لە فەرمانی دیوانی لە پەرلەمانی کوردستان ژمارە ٣٥٣/٥/٢بەرواری ٢٠١٣/١/٢٣دەرچوو رێژە لە ٢٠٪بۆ ٣٠٪ زیادکردوە سەبارەت دەرماڵەی مەترسی بۆ خاوەن بڕوانامە دەرچووانی یاسا و ماف خەرج بکرێت

٢-رێنامایی لە وەزارەتی دارایی ئابووری ژمارە (٤٥) نوسراوی ژمارە ١٥٧٦٠ بەرواری ٢٠١٣/١٢/١٣دەرچوو بە مووچەی دەرماڵەی مەترسی ئەندازیاران رێژە٣٥٪ خەرج دەکرێت.

فەرمانی دیوانی پەرلەمان ژمارە ٨٩/٥/٢بەرواری ٢٠١٥/١/١٣ دەرمالەیَ مەترسی ئەندازیاران ریژا ٣٥٪بۆ ٥٠٪ جەرج بکریت

٣-فەرمانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ژمارە ب-ك-پ-١٠ بەرواری ٢١-٦-٢٠١٦ بابەت گشتاندن بۆ شت فراکسیۆنەکان و لیژنە هەمیشییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری قەیرانی دارایی بە هەمو شێوەیەك ئیفاد و شاندی ئەندامانی پەرلەمان کوردستان دەوەستێندرێت.

هەلوەشاندنەوەی :- سەرجەم ئەو رێنمای و فەرمانە نووسراوانەی کە ئیمتیازاتیت داراییان بەخشیوە بەدەر لە یاسا کارپێکراوەکان خەرجکردنی دەرماڵە تایبەتەکان و دەرماڵە ترسناکێ لە دیوانی پەرلەمانی کوردستان.

**گرێبەستی کرین ئوتومبێل بۆ پەرلەمانی کوردستان**

لایەنی یەکەم/ بەرێوەبەری گشتی دیوان پەرلەمانی کوردستان ( دیلمان محمد صابر)

لایەنی دووەم/ کۆمپانیا جیهان موتورز

گرێبەست لە ٢٠١٤/١٢/٢١ لای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ( یوسف محمد ) پەسەندکرا

بریوەبەری گشتی دیوان / دیلمان محمد صابر/ نوسراوە ژمارە ٤٨٧٢/٥/٢ بەروار ٢٠١٤/١٢/٢١ ئارستەی نووسینگەی تایبەتی وەزارەتی دارایی ئابوری کراوە بۆ بەخشینی گومرگی (١٠٩) دانە لە کۆمپانیا جیهان کریوە کە بە رێگای دەروازەی ابراهیم خلیل دەهێندریتە ژوورەوە، داوادەکەین رەزامەندی بدەن لەسەر بەخشینی گومرگی ئوتومبیلەکان هینانە ژوورەیان بەناوی پەرلەمانی کوردستان.

وزیری دارایی ئابووری ( رێباز محمد حەملان ) نوسراو ژمارە ٢٢٩٣٠ بەروار ٢٠١٤/١٢/٢٣ ئارستەی گومرگی ئبراهیم خلیل کراوە بابەت ئاسانکاری و رێگاپێدان (١٠٩) سەد و نۆ دانە ئوتومبیلەی کە تەیبەتە بە پەرلەمانی کوردستان وە کۆمپانیای ( جیهان و نوێنەری پەرلەمانی کوردستان) سەرپشککراون بۆ هاووردەکردنی ئە ئوتومبێلانە بۆ مەبەستە ببەخشرێن لە باجی گومرگی.

- ئایا ئەو برە پارە یەك کە خەرج کراوە چی لێهاتووە؟
- کۆمپانیا بۆ رازیبوون (١٠٩)دانە ئوتومبێل هەڵبگێرت؟
- زەرەرو زیانی مادی چی بوون؟

پێشنیار دەکەم رونکردنەوەیەك هەبێت بۆ ئەندامان لە بارەی کرینی ئەو ئوتومبێلانەی کە بەناوی پەرلەمانی کوردستان هاتووە.

| ژ | ناونیشان | مووچەی بنەڕەتی | میو اندارێ | هاتووچوو | دەرماڵەی لیژنە | سەرجەم مووچە | خانەنشین | باجی دەرامەت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرۆک | 5.700.000 ملیۆن دینار | 4.250.000 ملیۆن دینار | 0 | 0 | 9.950.000 ملیۆن دینار | 399.000 هەزاردینار | 215.050 هەزاردینار |
| 2 | جێگر | 5.700.000 ملیۆن دینار | 4.000.000 ملیۆن دینار | 0 | 0 | 9.700.000 ملیۆن دینار | 399.000 هەزاردینار | |
| 3 | سکرتێر | 5.700.000 ملیۆن دینار | 3.250.000 ملیۆن دینار | 2.000.000 ملیۆن دینار | 0 | 10.950.000 ملیۆن دینار | 399.000 هەزاردینار | |
| 4 | پەرلەمانتار | 5.700.000 ملیۆن دینار | 1.500.000 ملیۆن دینار | 1.000.000 ملیۆن دینار | 500.000 هەزار دینار | 8.700.000 ملیۆن دینار | 399.000 هەزاردینار | |

**هەیکەلی سەرۆکاتی پەرلەمانی کوردستان**

١-سەرۆکی پەرلەمان و جێگر و سکرتێر و ئەندامان

٢-بەڕێوەبەراتی گشتی دیوانی پەرلەمان_یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی

٣-سکرتێری نوسینگەی سەرۆکایەتی

٤-(٦)بەڕێوەبەراتی _ (١٩)بەش - (٢) هۆبە

٥-کتێبخانە _ سەنتەری توێژینەوە

**شوێنی نیشتەجێ بوونی پەرلەمانتاران**

ژمارەی خانووەکانی گوندی ئیتالی (٦١) دانەیە.

ڤێلای سەرۆکایەتی(٦)

خانووی پەرلەمانتاران(٥٥)

شوقەکانی ناز سیتی بینای (N) کە ژمارەی شوقەکان ٥٦ شقەیە.

تیبینی ژمارەی ئەندمانی پەرلەمان (١١١) بەڵام ژمارەی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەندامان (١٢) زیاتر لە ژمارەی نیشتەجێبوونی ئەندامان

پێشنیاردەکەم ئەم ژمارەی زیاد پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، ژمارە زیادەکان بێتە فرۆشتن وداهاتی بۆ خەزێنەی حکومەت بگەڕێتەوە.

| خانوو وشقەو ڤیلا | ژمارە |
|---|---|
| شقەکانی ناز ستی(N) | 56 |
| گوندی ئیتالی | 61 |
| ڤیلا | 6 |
| **کۆی گشتی** | **123** |

## سێیەم: چاودێری حکومەت:

لەم خولی گرێدانەشدا پەرلەمان لەپرۆسەی چاودێری کردنی حکومەتدا هیچ چالاکییەکی نەبووەو نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەستێت.

## چوارەم: پەسەندکردنی بودجە:

لەپەسەندکردنی بودجەدا پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نەبووە:

١-لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا ئەم خولەی پەرلەمان بودجەی هیچکام لە ساڵەکانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨)ی پەسەند نەکردووە. [(١)]

٢-جگە لەوەی بودجە لە پەرلەمان پەسەند نەکراوە، ئەو بودجەیەی کە هەشبووە حکومەت بەئارەزووی خۆی دابەش و تەخشان و پەخشانی کردووەو بەبێ ئەوەی هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە بێت، هەر بۆیەشە (حیساباتی کۆتایی) هیچ کام لە ساڵەکانی (٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧) تا ئێستا نەنێردراوە بۆ پەرلەمان و کەس نازانێت ئەو بودجەیە چۆن دابەش و خەرج کراوەو پەرلەمان هیچ رۆڵێکی نەبووە.

## پێنجەم: دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامان

لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٨/٧/١٠) داواکاریی دەستلەکارکێشانەوەکەی پەرلەمانتار (رابوون مەعروف) لە ئەندامییەتیی پەرلەمان خوێندرایەوە و خرایە دەنگدانەوە و بەکۆی دەنگ پەسند کرا. [(٢)]

---

(١)- ماوەی پێنج ساڵە پەرلەمانی کوردستان نە بودجەی پەسەند کردووە و نە ئاگاداری ئەوەشە ئەو بودجەیەی لەهەرێمدا هەیە چۆن خەرج دەکرێت.

(٢)-لە(٢٠١٧/٩/٢٣) ژووری حکومەتو پەرلەمان لەبزووتنەوەی گۆڕان، رونکردنەوەیەکی دەربارەی دوورخستنەوەی رابوون مەعروف بڵاوکردەوە و رایگەیاند: رابون مەعروف لەرێکەوتی (٨/٨/٢٠١٧) پەیوەندی بە (جوڵانەوەی نەخێر لەئێستادا) کردو بوو بەوتەبێژی جوڵانەوەکە، لە کاتێکدا هەڵسوڕاوی گۆڕانو ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە لەپەرلەمانی کوردستان، بێ پرسو راوێژکردن بە ژوورو دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، لەو ماوەیەدا بزووتنەوەی گۆڕان دوجار هەوڵی زۆری لەگەڵدا بگەڕێتەوەو دەستبەرداری ئەو جوڵانەوەیە بێ، بۆ ئەو مەبەستە چەندین بژاردەی خرایە بەردەم لەوانە دەستبەرداربوون لە (جوڵانەوەی نەخێر لە ئێستادا)، چونکە ناکرێ لە یەك کاتدا لە دوو جوڵانەوەی سیاسیدا کار بکات، یان دەستلەکاربکێشێتەوە لەبزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێچەوانەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەپێی پرنسیپی رێکخراوەیی مامەڵەی لەگەڵ دەکاتو بڕیاری پێویست لەوبارەیەوە دەدات. رابون مەعروف داوای کرد تا "دوای (٢٥)ی مانگ لەسەری بوەستین و ئەو داوایەشی لێقبوڵ کرا، بەڵام کە (جوڵانەوەی نەخێر) رایانگەیاند دەبن بەقەوارەی سیاسی، داوای لێکرا، کە روونکردنەوەیەك بڵاوبکاتەوە، کە ئەو پەیوەندی بەو قەوارە سیاسییەوە نییە، لەوەڵامدا ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات، پاش ئەو هەوڵانە بڕیار درا بەدورخستنەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕانو فراکسیۆنی گۆڕان.

**شەشەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان**

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پڕۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.

**١- ئاڵوگۆڕی ئەندامان لە لیژنەکان:**

لەو ماوەیەدا ئەم ئاڵوگۆڕکردنانە لە لیژنەکاندا کراون:

*لەدانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٨/٦/٢٦) دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سعید محمد سعید) لە لیژنەی (مافی مرۆڤ)، وە زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی (لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی).

*لەدانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٨/٦/٢٦) دەست لەکار کێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (مستەفا ئەحمەد حمد) لە لیژنەی (ئەوقاف و کاروبای ئاینی)، وە زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی (لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری).

## ٢- كۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان:

بەهۆی ئەوەی بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان و لەسەر داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٢/٢٧) کە ئاراستەی ئینستتیوتی پەی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کراوە، تیایدا هاتووە کە نابێت هیچ زانیارییەك بە فەرمی لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێت بە رێکخراوەکەمان، هەر بۆیە **بەپێی هەواڵی سایتی فەرمی پەرلەمان** لە ماوەی ئەم خولەدا کۆبوونەوەی لیژنەکان بەم جۆرە بووە:

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوە |
|---|---|---|
| ١ | لیژنەی کاروباری یاسایی | ٤ |
| ٢ | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | ٠ |
| ٣ | لیژنەی ناوخۆ وئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ١ |
| ٤ | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | ٣ |
| ٥ | لیژنەی ئاسەوارو، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی | ٣ |
| ٦ | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) | ٠ |
| ٧ | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان | ٢ |
| ٨ | لێژنەی کاروباری پەرلەمان | ٠ |
| ٩ | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری | ٣ |
| ١٠ | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە | ٤ |
| ١١ | لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن | ٠ |
| ١٢ | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | ٠ |
| ١٣ | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٢ |
| ١٤ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | ١ |
| ١٥ | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ | ٠ |
| ١٦ | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | ١ |
| ١٧ | لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | ٢ |
| ١٨ | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | ١ |
| ١٩ | لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر | ١ |
| ٢٠ | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ٠ |
| ٢١ | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی | ١ |
| ٢٢ | لیژنەی وەرزش و لاوان | ٠ |
| | سەرجەم | ٢٩ |

تێبینی لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان:

١-لەماوەی ئەم خولەدا لیژنەکان کە ژمارەیان (٢٢) لیژنەیە، تەنها (٢٩) کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆیە، لەکاتێکدا دەیان پرۆژە یاسا ئاراستەی لژنەکان کراوە و راپۆرتی لەسەر نەنوسراوە.

## ٣- نوسینی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان:

تا ئێستا (٣٠٩) پرۆژەیاسا و بڕیار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (٢١٣) پرۆژە یاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (٩٦) پرۆژەش ماونەتەوەو هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە، لە کۆی ئەو پرۆژانەی خولی چوارەم کە ماوەکەی پێنج ساڵە، تەنها (٣٢) یاسا و (٨) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە. لەماوەی خولی (بەهارەدا)دا بەپێی ماڵپەڕی پەرلەمان تەنها دوو لیژنە راپۆرتیان نوسیوە ئەوانیش:

١. لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە رۆژی (٢٠١٨/٥/٢٢) راپۆرتی نوسی لەسەر (پرۆژە یاسای پەروەردەو خوێندن) کە خوێندنەوەی یەکەمی لە رۆژی (٢٠١٤/٩/٣) بۆ کرابوو.
٢. لیژنەکانی کاروباری یاسا و تەندروستی و ژینگە لە رۆژی (٢٠١٨/٩/٩) راپۆرتیان نوسی لەسەر (پرۆژە یاسای پاراستنی مافەکانی نەخۆش و پزیشك و کارمەندانی تەندروستی) کە خوێندنەوەی یەکەمی لە رۆژی (٢٠١٥/٤/٢١) بۆ کرابوو.

جگە لەو (٩) یاسایەی کە پەسەند کران، راپۆرتی لیژنەکانیان لەسەر نوسرابوو.

کۆی گشتی ئەو راپۆرتانەی دەبوایە لیژنەکان لەسەر پرۆژەکان بیانوسیایە (495) راپۆرتە، بەڵام لیژنەکان لەماوەی چوار ساڵ و نیوی رابردوودا (149) راپۆرتیان نوسیوەو تا ئێستا (346) راپۆرت نەنوسراون کە دەبوایە بنوسرێن.

## پێشێلکارییەکانی پەیڕەوی ناخۆ لە پەرلەماندا

١-لە زۆرینەی کۆبوونەوەکاندا پێشێلی پەیرەو کراوە.

٢-سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کردووە بەڵام تا کۆتایی خولی پەرلەمانیش نەخرایە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆیە.

٣-زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەرنامەی کار رانەگەیەنراوە، یاخود ئەگەر راشگەیەنرابێت بەماوەیەکی کەم بەر لە کۆبوونەوەکان ئەندامان بە فەرمی ئاگادار کراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو دەبێت (٤٨) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەکە ئەندامان لە بەرنامەی کار ئاگادار بکرێنەوە.

٤-ئەو پەرلەمانتارانەی دەوامیان نەکردووەو بەشداری کۆبوونەوەکانیشیان نەکردووە، لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ ئیجرائاتێکیان بەرامبەر نەکراوە.

٨-لە کۆی (٣٩) بڕگەی بەرنامەی کاری کە بۆ دانیشتنەکان دانرابوو، تەنها (٢٩) بڕگە جێبەجێ کراوە و بڕگەکانی تر دواخراون.

١٠-ئەو لیژنانەی گۆڕانکاری لە ئەندامەکانی کراوە، لەسەر ماڵپەڕی پەرلەمان گۆڕنکارییەکان دانەنراوە.

١١-ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کەدەستیان لەکار کێشاوەتەوە و ئەوانەشی کە چوونەتە جێگەیان ناویان لە لیژنەکان و فراکسیۆنەکانشدا ماوە، ئەمە چەندەمین جارە ئەم تێبینیانە لەبارەی نوێ نەکردنەوەی ماڵپەری پەرلەمان دەخەینەڕوو و بەڵام بەهەند وەرناگیرێن .

١٢-لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٨/٧/١٧) کە پەیڕەوی تازە پەسەند کرا، بڕیاردرا لە رۆژی پەسەندکردنی و دەرچوونیەوە پەیرەوەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام خولەکەش کۆتایی هات و پەیرەوەکە هیچ بڕگەیەکی جێبەجێ نەکرا، جگە لەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ناویان لە (جێگر و سکرتێر)ەوە بوون بە (جێگری یەکەم و دووەم).

## دانیشتنی کۆتـایی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

بەمەبەستی کۆتاییهێنـان بـە خـولی هەڵبـژاردنی چـوارەمی پەرلـەمانی کوردسـتان، سـەعات ١٢ی نیـوەڕۆی ڕۆژی ٣١/١٠/٢٠١٨، پەرلـەمانی کوردسـتان بەسـەرۆکایەتیی جەعفـەر ئێمینکـی، جێگـری یەکـەمی سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردستان و بێگەرد تاڵەبانی، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، دانیشتنی ژمـارە (١)ی نائاسـاییی خـولی بـەهارە، ساڵی پێنجەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجامدا.

دوای خوێندنەوەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کەلە دوو خاڵ پێکهاتبوو، کـە بـریتی بـوون لـە کۆتاییهـاتنی خـولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان بە پێـی حـوکمی مـادەی (٦) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان–عێـراق و وتاری جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کۆتاییهاتنی خولی هەڵبـژاردنی چـوارەمی پەرلـەمانی کوردسـتان–عێراق.

جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەو بۆنەیەوە وتەیەکی پێشکەشکردو چەند خاڵێکی خستە ڕوو کـە لێرەدا ڕیزبەندیان دەکەین و ڕای خۆمان لەسەر وتەکانی دەردەبڕین:

**یەکەم:**

-**جێگری سەرۆکی پەرلـەمان:** سوپاسـی پەرلـەمانتارانی کـرد و دەستخۆشـیی لێکـردن کـە لـەماوەی پێـنج سـاڵی ڕابردوودا هەوڵیاندا ئەرکەکانی سەرشانیان بۆ خزمەتی خەڵك ڕاپەڕێنن.

+**ئینستتیوتی پەی:** زۆرینەی پەرلەمانتاران وەك پێویسـت بەئـەرکی سەرشـانی خۆیـان هەڵنەسـاون، هـەروەك لـە ڕاپۆرتــەکانی ڕابردومانــدا خســتومانەتە ڕوو، هــەر لــە زۆری ڕێــژەی ئامادەنــەبوون لــە کۆبوونــەوەکانی پەرلــەمان، کۆنەبوونەوەی لیژنەکان، نەنوسینی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان و هتد.

**دووەم:**

-**جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستانی لە هەر سێ بواری یاسادانان و چاودێریکردنی حکومـەت و پەسندکردنی بودجـەدا هەڵسـەنگاند و ئـەدای پەرلـەمانی بەسـەر سـێ قۆنـاغی جیـاوازدا دابـەش کـرد کـە ئـەوانیش قۆناغی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن و قۆناغی لێکدابڕان و قۆناغی یەکگرتنەوە بوون.

+ **ئینستتیوتی پەی:** نـەدەبوو پەرلـەمان بـەم سـێ قۆناغـەدا تێپـەڕێت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لـەدەرەوەی ئیرادەی خۆی بوو، کەچی لەهەر سێ قۆناغدا پەرلـەمان کەمتەرخـەم بـوو: لـە قۆنـاغی یەکەمـدا هەنـدێ کـاری گـرنگ هەبوو نەیکرد، بۆ نمونە نوسینەوەو پەسەندکردنی پرۆژەی دەستور، لـە قۆنـاغی دووەمـدا پەرلـەمان داخـراو لـەو دوو سـاڵەدا سـڕ بـوو و هیچـی نـەکرد، لـەقۆناغی سـێیەمدا قۆنـاغی پێشـێلکاری پـەیڕەو و کـاری نایاسـایی بـوو بـەناوی پەرلەمانەوە !

سێیەم:

-**جێگری سەرۆکی پەرلـەمان:** ئاماژەی بەو یاسایانەدا کە پەرلەمانی کوردستان لەدوو ساڵی یەکەمی خولی چوارەمدا لەبوارە جیاجیاکاندا دایڕشتوون لەوانە: یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستان و یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان و یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان و یاسای راکێشانی مایە لەرێگای قەرزکردن و یاسای سەندوقی داهاتە نەوتیی و گازییەکان و یاسای پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان و یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان، هەروەها هەموارکردن و بەرکارکردنی چەندین یاسای تری هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەپەرلەماندا.

+ **ئینستتیوتی پەی:** ئەو یاسایانەی دەرکراون هیچ کامیان نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یاخود پێشێلکراون، بەبێ ئەوەی پەرلەمان هیچ قسەیەکی هەبووبێت:

– یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی: لە ڕاپرسی ٢٠١٧/٩/٢٥ و هەڵبژاردنی ٢٠١٨/٩/٣٠ کۆمسیۆن نەیتوانی سەرکەوتوو بێت و یاسای پێشێلکرد و زۆرترین ساختەکاری کرا بەبێ ئەوەی پەرلەمان لێپێچینەوە بکات و قسەیەکی هەبێت.

– یاسای پێدانی بودجەی حزبەکان: نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

– یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان: زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر زمانی کوردی کراو خوێندنی زمانی کوردی لەلایەن وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵاوە پشتگوێخراو پەرلەمان هەڵوێستێکی نەبوو.

– یاسای راکێشانی مایە لەرێگای قەرزکردن: یەکێك لە خراپترین یاساکان بوو و نارەزایی زۆری لەبەرامبەر دەربڕدراو بەشێوەیەکی ناشەفاف کاری لەسەر کرا.

– یاسای سەندوقی داهاتە نەوتیی و گازییەکان: نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

– یاسای پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان: ماوەکەی بەسەر چوو و لیژنەکە کاری خۆی تەواو نەکرد و یاساکەش درێژ نەکرایەوەو کارەکە پەکی کەوت.

– یاسای پاراستنی ماف پێکهاتەکان: زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر پێکهاتەکان کراوە هەروەك لە ڕاپۆرتی ساڵانەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە.

– هەموارکردن و بەرکارکردنی چەندین یاسای تری هەرێم و حکومەتی فیدراڵی: ئەو یاسایانەی هەموار کراون یا درێژکراونەتەوە زۆرترین نارەزاییان لەسەر بووە، وەك یاسای تیرۆر و بەکرێدانی خانووبەرە، ئەو یاسایانەش کە بەرکار کراون لاوازی پەرلەمانی کوردستان دەردەخەن لەکاتێکدا خۆی ناتوانێ یاسا دەربکات کەچی یاسای فیدراڵ بەرکار دەکات!

چوارەم:

-**جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** باسی لەو بڕیارانە کرد کە لەماوەی دوو ساڵی یەکەمی خولی چوارەمی پەرلەماندا دەرکراون، لەوانە (بڕیاری ژمارەی ٢٨ تایبەت بەناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیکردنی رۆژئاوای کوردستان)، هەروەها بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بەپایتەختی ئاشتی لەهەرێمی

کوردستان، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوەو بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بەپێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵ و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە ٣٠-٩-٢٠١٨ ، لەدژی هەرێمی کوردستان دەرکراو بەگشتی لەو خولەدا ٥٩ بڕیار لە بوارە جیاوازەکاندا دەرکراوە".

+ **ئینستتیوتی پەی:**

- بڕیاری تایبەت بەناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ یارمەتیدان و پشتیوانیکردنی ڕۆژئاوای کوردستان: ئەم بڕیارە یەکێك لە بڕیارە مێژوویی و باشەکانی پەرلەمانی کوردستان دادەنرێت کە جێگەی دەستخۆشیە.

- بڕیاری ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بەپایتەختی ئاشتی لەهەرێمی کوردستان: بڕیارێکی باشی پەرلەمان بوو، بەڵام دەبوایە پەرلەمان بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکات.

- بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوەو بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی دژ بەپێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان: ئەم لیژنەیە بە مردوویی لەدایك بوو و تا ئەو کاتەی هەڵوەشایەوە نەیتوانی هیچ کارێك بکات!

- بڕیاری ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵ و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە ٣٠-٩-٢٠١٨ ، لەدژی هەرێمی کوردستان: ئەم بڕیارە تەنها بۆ ڕاگەیاندن بوو و هیچ دەرهاویشتەیەکی لێ نەکەوتەوە.

-دەرکراو بەگشتی لەو خولەدا ٥٩ بڕیار لە بوارە جیاوازەکاندا دەرکراوە: ئەو بڕیارانەی تر کە دراون هەمووی بڕیاری کارگێڕیی تایبەت بە کاروباری پەرلەمان بوونەو هیچ کاریگەرییەکیان بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك و باری هەرێمەوە نەبووە.

**پێنجەم:**

-**جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** تیشکی خستە سەر قەیرانە سیاسی و دارایی و ئابوورییەکانی هەرێم و ناکۆکیی لایەنەکان و لادان لە بنەمای سازان و تەوافوق لەسەر یاساو پرسە چارەنووسسازەکان، بەتایبەتی لەسەر هەمووارکردنی یاساو دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و قوڵبوونەوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا و بەردەوامبوونی شەڕی دژ بەتیرۆر، کە بوونە مایەی ئەوەی دوو ساڵ پەرلەمان نەتوانێ کۆببێتەوە و دانیشتن بکات، کە کاریگەریی نەرێنیی کردە سەر ئەدای پەرلەمان بەتایبەتی لە هەموارکردن و داڕشتنی یاسا و بڕیار و چاودێریکردنی حکومەتدا.

+ **ئینستتیوتی پەی:** تاکە هۆکاری پەك کەوتنی پەرلەمان جێبەجێنەکردنی یاساو درێژەدان بەدەسەڵات بوو لەدەرەوەی یاساو ڕێگریکرن لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەکانیش بۆ ماوەی دووساڵ کاریگەری خراپی لەسەر ناوبانگی هەرێم کرد.

**شەشەم:**

-**جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** تیشکی خستە ئەوەی کە لە ١٥ی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٧ جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان دەستی بەدانیشتنەکانی کردەوەو لەو ماوەیەدا ١٥ یاسای نوێی دەرچوواند، کە گرنگترینیان (یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوو خولی گرێدان، یاسای دابەشکردنی

دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، یاسای لێبووردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان و یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان و یاسای ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زارو موڵکی دەوڵەت و یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ و هەموارکردنی سێیەمی یاسای پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە لەهەرێمی کوردستان".

+ **ئینستتیوتی پەی:** ئەو یاسایانەی لەو ماوەیەدا دەرچوون زۆرینەیان یا نارەزاییان لەسەر بووە یا پێچەوانەی ئەوەن کە شانازیان پێوە بکرێت و دەرەنجامی خراپیان لێکەوتۆتەوە:

-یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان: دواخستنی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان پێچەوانەی یاسا بوو.

-یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم: ئەرکی پەرلەمان ئەوە بوو یا یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکاتەوە (کە لەلایەن پارتیەوە ڕێگری لێکرا) یا ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان. نەك بە یاسا یاسا پێشێل بکات.

-یاسای لێبووردنی گشتی لەهەرێمی کوردستان: یەکێکە لەو یاسا خراپانەی کە بەیاسا یاسا پێشێل دەکرێت و لەبری کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان بووە هۆی زیادکردنی.

-یاسای بەخشین و چاندنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان: یاسایەکی باشەو جێگەی دەستخۆشیە.

-یاسای ڕێگریکردن لە زیادەڕۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زارو موڵکی دەوڵەت: یاسایەکی باشە بەلام نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

-یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم: ئەرکی پەرلەمان ئەوە بوو یا یاسای سەرۆکایەتی هەموار بکاتەوە (کە لەلایەن پارتیەوە ڕێگری لێکرا) یا ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ هەرێمی کوردستان. نەك بە یاسا یاسا پێشێل بکات.

-یاسای نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ: ئەم یاسایە کە هی عێراقی فیدراڵەو بەرکار کراوە، زۆرترین ڕەخنەی ڕووبەڕوو بوویەوە.

-هەموارکردنی سێیەمی یاسای پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە لەهەرێمی کوردستان: چەندین جارە ئەم یاسایە یا درێژدەکرێتەوە یا هەموار دەکرێت بەڵام نەیتوانی گرفتەکانی خەڵکی لە بەکرێگرتن و بەکرێدان چارەسەر بکات.

**حەوتەم:**

-**جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** ئاماژەی بە ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان و دارشتنی یاسا و بڕیارانەدا کە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەی تەمەنی خولی چوارەمدا ئەنجامدراون و دەرکراون و ڕایگەیاند: "لەبواری دارشتنی یاساو بڕیادرا پەرلەمان لەخولی چوارەمدا ١٣١ دانیشتنی ئەنجام داوە کەتیایدا ٣٠٩ پرۆژە یاسا و بڕیار پێشکەشکراون و

٢٠٦ یـان خوێندنـەوەی یەکـەمیان بـۆکراوە و ئاراسـتەی لیژنـە پەیوەندیـدارەکان کـراون، ١٠٣ پـرۆژەش مـاوەو خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە، هەر لەو ماوەیەدا پەرلەمان ٣٣ یاسـای داڕشـتوە، کـە ٣١یـان وەك یاسـا دەرچـوێندراون، هەروەها دوو پرۆژە یاساش رەتکراونەتەوە، کە یەکەمیان پـرۆژە یاسـای هـەموارکردنی یاسـای خۆپیشـاندان بـوو کـە لەلایەن سەرۆکی هەریم رەتکرایەوە، دووەمیشیان پـرۆژە یاسـای چاکسـازی بـوو لـە ٢٠١٨ کـە لەلایـەن سـەرۆکایەتیی پەرلەمان رەتکرایەوە".

+ **ئینستتیوتی پەی:** ئەو ژمارانەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان دەری بـڕی، یـا تـەواو نـین، یـا خوێندنـەوەی تریان بۆ دەکرێت، لەوانە:

–بەپێی بەرنامەی کاری فەرمیی پەرلەمان (٩٧)دانیشتنی ئەنجامداوە نەك (١٣١)!

–کاتێك ٣٠٩ پرۆژە یاسا و بڕیـار پێشکەشـکراون و ٢٠٦ یـان خوێندنـەوەی یەکـەمیان بـۆکراوە و ئاراسـتەی لیژنـە پەیوەندیدارەکان کراون، ١٠٣ پرۆژەش ماوەو خوێندنەوەیان بۆ نـەکراوە، ئـەوە دەگەیـەنێ کـە پەرلـەمان و لیژنـەکان ناکارا بوون بۆیە ئەو ژمارە زۆرەی پـرۆژە یاسا ماونەتـەوەو نـەکراون بـە یاسـا، ئـەو ژمارەیـە دەریـدەخات کـە تـەنها (١٠٪)ی ئەو پرۆژانە کراون بە یاسا کە پێشکەشکراون.

–کاتێك یاسای خۆپیشاندان لەلایەن سـەرۆکایەتی هەرێمـەوە رەتکرایـەوە دەبوایـە پەرلـەمان بیخاتـەوە بەرنامـەی کارەوە، بەلام بێ ئیرادە بوو و نەیتوانی بیکات و ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەو بوو.

–پەرلەمان سەرکەوتوو نەبوو لە پەسەندکردنەوەی یاسای چاکسازی.

**هەشتەم:**

–***جێگری سەرۆکی پەرلەمان:*** ئاماژەی بە کۆتا کاری پەرلەمان کرد کە ئەویش هەموارکردنەوەی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان بوو.

+ **ئینستتیوتی پەی:** دەرکردنی پەیرەوی تـازە کـارێکی بـاش بـوو، سـەربارى ئـەو تێبینیانـەش کـە لەسـەریەتی، بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەکاتی پەسـەندکردنیدا پەرلـەمان رایگەیانـد کـە لەگـەڵ دەرچـوونیدا دەچـێتە بـواری جێبەجێکردنەوە، کەچی خول تەواو بوو تەنها (جێگر و سکرتێر) ناونیشانەکانیان گۆڕا بـۆ (جێگـری یەکـەم و دووەم) هیچ برگەیەکی تری جێبەجێنەکرا، ئەمە لە کاتێکدا ئـەم گۆرانکارییـە پێچـەوانەی یاسـای هەڵبژاردنـە و لـەوێ جێگـر و سـکرتێر هەیـە نـەك جێگـری یەکـەم و دووەم، نـە لیژنـەکانی ناویـان هـاتبوو هەڵوەشـانەوەو لێکـدران، نـە پەیکـەری بەرێوەبردنی پەرلەمان دەستنیشانکراو...هتد.

**نۆیەم:**

–***جێگری سـەرۆکی پەرلـەمان:*** تیشـکی خستەسـەر ئـەرکی چـاودێریکردنی حکومـەت و پرسـیارکردن و سـەردانە مەیدانییەکانی لیژنەکانی پەرلەمان بۆ کاری وەزارەتەکان و بەدواداچوونی کێشـەو داخوازییـەکانی خـەڵك و پێکهێنـانی چەندین لیژنەی کاتی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەو گرفتـەکان و بەدواداچـوونی داخوازییـەکان و ئامـادەکردنی چـەندین پرۆژەی جۆراوجۆر کرد لەماوەی ئەوخولەدا.

**+ئینستتیوتی پەی:** پەرلەمان لەو ماوەیەدا نە هیچ لێپێچینەوەیەکی لە حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن کردووەو نەهیچ پرۆژەیەکیشی هەبووە بۆ خزمەتی خەڵك چوبێتە بواری جێبەجێکردنەوەو گوێی لێ گیرابێت.

**دەیەم:**

**-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:** باسی لە بودجەی هەرێم و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان و ئەرکی پەرلەمان لە گفتوگۆکردنی بودجەدا کرد و رایگەیاند: "بەداخەوە هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی خولی چوارەمی پەرلەمان بەهۆی بڕینی١٧٪ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداو دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهانی و بەردەوامبوونی شەڕی دژ بەتیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی سەختی دارایی و ئابووری بووە، بەهۆیەوە ئەنجوومەنی وەزیران نەیتوانی وەك لەیاسا و پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە، بەر لەساڵی دارایی پرۆژەی بودجەی ئاراستەی پەرلەمان بکات، یا لەوادەی خۆیدا ژمێرەی کۆتایی لە مانگی نیسانی هەموو ساڵێك پێشکەش بە پەرلەمان بکا، بۆئەوەی نوێنەرانی گەل بەشێوەیەکی شەفاف گفتوگۆ لەسەر خەرجی و داهاتی ساڵانەی هەرێم بکەن و پەسند بکرێت".

**+ ئینستتیوتی پەی:** ناردنی پرۆژەی بودجە هیچ پەیوەندی بە قەیرانی دارایی نەناردنی پشکی بودجەی هەرێم لە بەغداوە نەبوو، خۆ داهاتی ناوخۆ هەبوو، خۆ حکومەت بەردەوام نەوتی دەفرۆشت، بەڵام ماوەی پێنج ساڵ حکومەت پرۆژەی بودجەی نەنارد بۆ پەرلەمان، ئەمەش پەیوەندی بە شاردنەوەی سەرچاوەکانی داهات و نەبوونی شەفافیەتەوە هەبوو.

هەروەها نەناردنی ژمێرەی کۆتایی بۆ پەرلەمانش هیچ پەیوەندی بە قەیرانەوە نەبوو، خۆ حکومەت بودجەکەی سەرفکردبوو، جا هەرچەندی هەبوایە دەبوو لە کۆتایی ساڵدا ئەژمێری کۆتایی بنێرێتە پەرلەمان.

ئەمانە هەمووی لاوازی پەرلەمان و بێ ئیرادەیی ئەو دەزگایە دەردەخات کە لە ئاست داواکاری خەڵکی و ئەرکە یاساییەکانیدا نەبوو.

## خشتەی پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا
## ( ٦ ی ئازاری ٢٠١٨ تا ٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ١٠ |
| ٢. | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٢ |
| ٣. | ژمارەی برگەی کار | ٣٩ |
| ٤. | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ٢٩ |
| ٥. | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ١٠ |
| ٦. | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی بەهارەی ساڵی ٢٠١٨ | ٢٣ |
| ٧. | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٨ |
| ٨. | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ١ |
| ٩. | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| ١٠. | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١١. | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٠ |
| ١٢. | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٣. | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٤. | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٢٩ |
| ١٥. | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لە خولی بەهارە ساڵی ٢٠١٨ | ١٤ |
| ١٦. | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٤٩٦ |
| ١٧. | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٨. | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٩. | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |

# ئەنجام

١– هەیمەنی کاری پەرلەمانی لە کوردستان لەژێر هەرەشەدا، چونکە ناتوانێت ئەو یاسایانە پەسەند بکات کە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن رەزامەند نیە لەسەریان، بەواتایەکی تر حکومەت هەژموونی خۆی لەسەر پەرلەمان سەپاندووە.

٢– ئەم خولە چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگی لەبەردەست بوو لەوانە (پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵەکان، هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرکارکردنی یاسای بازرگانی بە مرۆڤ، خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی) بەڵام ئەو یاسایانە بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندی خەڵك بوو دەرنەچوێنرا و ژمارەیەك پرۆژە یاساش دوای کارکردنێکی زۆر لە لیژنەکان، خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەکرا.

٣– لەگرنگترین ئەرکەکانی پەرلەمان چاودێری دەسەڵاتی جێ بەجێکردنە، بەڵام لەم خولەشدا نەیتوانیوە هیچ کارێك بکات.

٤– جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە، پشت راستی نەبوونی دەسەڵاتی پەرلەمان دەکات بەسەر حکومەتدا.

٥–رۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو ناگیرێت و لە رووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) دەبێت سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بۆ بڕیارە چارەنوسسازەکانی بۆ پەرلەمان بگەڕێتەوە.

٦– لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا تەنها (٨) دانیشتنی پەرلەمان کراوە، ئەمەش لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا ناگونجێت و لە زۆرینەی دانیشتنەکانیشدا پێشێلی پەیرەو کراوە.

٧–پەخشی راستەوخۆ دانیشتەکان راگیراوە و بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان کران بە داخراو، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هەستیاریش هەبێت کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت.

٨– خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان ، کە تەمەنی پێنج ساڵە، تەنها (٣٢) یاسا و (٨) بڕیاری دەرکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢١٣) پرۆژە یاسا کراوە.

٩–لەم خولی گرێدانەدا (٢) یاسای عێراقی فیدراڵ، بەرکار کران، ئەمەش جێگەی رەخنەیە، چونکە هیچ جیاوازییەك رەچاو نەکراوە و وەك خۆی بەرکار کراوە، ئەمە جگە لە پرسیاری کە بۆ دەبێت هەرێم لەو بوارانە یاسای تایبەت بەخۆی نەبێت .

١٠– تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوە سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[1] هەرچەندە پەرلەمان (یاسای ژمارە (٢)ی

[1] لە مادەی (٤٢) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە:

١– لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەرێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) پەسەند کرد، بەڵام حکومەت بێ ئەوەی گوێ لەپەرلەمان بگرێت بە ئارەزووی خۆی دوور لە یاسا هەنگاوی ناوە.

١١– لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا، کەمترین راپۆرتیان لەسەر پرۆژەیاساکان نوسیوە و هیچ بەدواداچوونێکیان بۆ کارەکانی حکومەت نەکردووە.

١٢– هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوە.[1]

١٣– لەکۆی چوار دەستە کە سەربەپەرلەمانی کوردستانن، سێ دەستەیان ماوەیان بەسەرچووە:

* (دیوانی چاودێری دارای هەرێمی کوردستان)، لەرۆژی (٢٠١٨/٥/٧) ماوەی یاسایی بەسەرچووە.

*(دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ) لە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە ماوەی یاسایی بەسەرچووە.

*(دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان) لە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە ماوەی یاسایی بەسەرچووە، لەم خولەدا دەبوایە بەپێی یاسا چارەسەرییان بۆ بکرێت، بەڵام هیچ رێو شوێنێك نەگیراوەتەبەر و ئەمەش پێشێلی یاساکانە.

١٤–سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پێشکەش کردووە بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە کە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوی ناوخۆیە.

١٥–ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە و ئەوانەشی چوونەتە جێگەیان ناویان لەسەر لیستی فراکسیۆنەکانیان دانەنراوە لە سایتەکەدا.

١٦–هەندێك ئەندامی پەرلەمان دەوام ناکەن بە بێ ئەوەی هیچ ئیجرائاتێك کرابێت بەرامبەریان.

١٧–بەپێی برگەی (٣)ی مادەی یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی (یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم). دەسەڵاتی ئیمزاکردنی یاساکان دراوە بە (سەرۆکایەتی پەرلەمان)، واتە هەر سێ ئەندام (سەرۆك و جێگر و سکرتێر) بەڵام هیچ کام لە یاساکان کە دەرچوون ئیمزای (سەرۆك)یان بەسەرەوە نیە.

---

٢– ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێروانینی بۆ بکات.

[1] لەمادەی (٦٩) لە پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە:

١– هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢– سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

# پاشکۆ

## پوختەی کاری پەرلەمان لەماوەی پێنج ساڵی خولی چوارەمیدا

( ٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٣/١١/٦ )

| ز | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٩٩ |
| ٢ | ژمارەی بڕگەی کار | ٣٥٢ |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێکراو | ١٩٦ |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ١٥٦ |
| ٥ | پرۆژە یاسا کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون | ٣٠٩ |
| ٦ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ٢١٣ |
| ٧ | پرۆژەیاسا کە خوێندنەوەی بۆ نەکراوە | ٩٦ |
| ٨ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٣٣ |
| ٩ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | ٨ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٣ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٢ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان، بەڵام ئامادە نەبوون | ٢٠ |
| ١٣ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٤ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٥ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٥٥٤ |
| ١٦ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٤٩ |
| ١٧ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٣٤٦ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٨٢٦ |
| ١٩ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٥٢٤ |
| ٢٠ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٣٠٢ |
| ٢١ | ژمارەی ئامادە نەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان (لە کۆبوونەوەکانی ئەم دوواییانەدا رێژەی غیاباتی ئەندامانمان دەست نەکەوتووە بۆیە هەر ژمارە کۆنەکەیە) | ١١٨٣ |

PAY INSTITUTE

## ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

**کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:**

ئینستیتیوتی پەی لە( ٢٦) ی تشرین دووەمی ٢٠١٣لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستتیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە.

**کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی :**

**( ١- پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):**

ئەم پرۆژەیە ئینستتیوتی پەی بەهاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە ئەنجامیدا، پرۆژەکە هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بڕیاری ژمارەی ( ٥) ی ساڵی ( ٢٠١٢) ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان( ئەم پرۆژەیە لە چوار وۆرك شۆپ و سەردانی زانکۆکانی هەرێم و کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژە پێکهاتبوو، پرۆژەکە ماوەی یەك ساڵی خایاند.

**(٢- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان):**

ئەم پرۆژەیە بریتی یە لەچاودێری و هەڵسەنگاندی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای ( دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتیەکان)، پرۆژەکە شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك بڵاودەکاتەوە، تائێستا ( ١٢) ڕاپۆرت بڵاوکراوەتەوە، بەشێکی تری پرۆژەکە، بریتیە لە ماڵپەرێك بەناوی (ڕوانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمان ) ئەم ماڵپەرە بەهەردوو زمانی ( کوردی، عەرەبی ) زانیاری بڵاودەکاتەوە. ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری ( سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED ) ئەمریکی ) جێ بەجێ دەکرێت .

**(٣- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە) : ئەم پرۆژەیە تائێستا ( 4) ڕاپۆرتی لەسەر ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بڵاوکردتەوە :**

*** ڕاپۆرتی یەکەم : دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان:**

، ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەوۆرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە وگەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی وازهێنان لەخوێندنی لەهەرێمی کوردستان، لە ڕۆژانی ( ١٨- ١٩/ ٦/ ٢٠١٦) لە هەولێر بەئامادەبوونی ( ١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەسترا، پاشان داتا و زانیاری کۆکرایەوە و ڕاپۆرتێك لەسەر دیاردەی وازهێنان لەخوێندن بڵاوکرایەوە .

*** ڕاپۆرتی دووەم: خستنەڕووی ( 101) گرفتی پەروەردەیی لە پێناو چارەسەرکردنیان:**

ئەم ڕاپۆرتە بەناونیشانی نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری پەروەردە، لە ( ٢٥) ی حوزەیرانی ( ٢٠١٤) بە میوانداری وەزیری پەروەردە و ئامادەبوونی ( ٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆڕی پەروەردەیی پێشکەشکرا، لە دانیشتنەکەدا وەزیری پەروەردە بڕیاریدا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵانەی ئینستتیوتی پەی ئاماژەی پێکردووە و داواشیکرد ماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کار لەسەر ڕاسپاردەکانی ناو ڕاپۆرتەکە بکەن .

*** ڕاپۆرتی سێیەم: بەشداری لە کارکردنی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەدا )** ، ئەم پرۆژەیە ( توێژینەوەیەکی مەیدانی بوو سەبارەت بە گرفتەکانی خوێندنی پیشەیی و ڕێگەچارەکانیان( لەلایەن )ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان) و( ڕێکخراوی هەڵوێست) دوە بە هاوکاری ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی )AOP( و ڕێکخراوی )PAN(ی نەرویجی جێبەجێ کرا. پرۆژەکە پێکهاتبو لە سێ وۆرکشۆپ و بڵاوکردنەوەی بروشور و ئامادەکردنی توێژینەوەیەك ، پرۆژەکە ( ١/ ٥/ ٢٠١٧تا ١/ ٩/ ٢٠١٧) جێبەجێکرا .

*** ڕاپۆرتی چوارەم: خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا ( گرفت و چارەسەر)**

ئامانجی ئەم پرۆژەیە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بوو لەسەر خوێندنی ناحکومی، دەستنیشانکردنی ( گرفت و چارەسەر)، ناوەندی پارێزگا سلێمانی وەك نموونە وەرگیرابوو، پرۆژەکە لەلایەن ( ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ) بەهاوکاری ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان (RID) و ڕێکخراوی ( NPA) ی نەرویجی لە ( ١/ ٧/ ٢٠١٧تا ١/ ١٠/ ٢٠١٧) جێبەجێ کرا.

**٤- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :**

چاودێری کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکی ترە لەپرۆژەکانی چاودێری ئینستتیوتی پەی، یەکەم ڕاپۆرتی ئەم پرۆژەیەلەو ( ٢٢ی تموز ی ٢٠١٤ ) بەمیوانداری وەزیری خوێندنی باڵا و ئامادەبوونی( ٨٠) کەس لە سەرۆك و مامۆستایانی زانکۆ و نوێنەری ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشکەش کرا، لە دانیشتنەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا بڕیاریدا ڕاپۆرتەکە بۆ سەرجەم زانکۆکان بۆ ناردنی ڕاو پێشنیاریان لەسەر ڕاپۆرتەکە و کێشەکانی خوێندنی باڵا و بەڵێنی بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانیشیدا .

**٥- پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ڕاپرسی :**

ئەم پرۆژەیە لەمانگی( تەموزی ٢٠١٧) وە دەستپێدەکات، پرۆژەکە لەهەریەك لەپرۆسەکانی ڕیفراندۆم، ( ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧) و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە( ٣٠ئەیلولی ٢٠١٨) پێشێلکارییەکان و مەترسیەکانی بەردەم پرۆسەکەی بە چەندین یاداشتی فەرمی پێشکەشی ئەنجومەنی کۆمسیاران کردووە، لە( تشرینی ٢٠١٧) ڕاپۆرتێکی بەناونیشانی ( تۆماری دەنگدەران لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا) پێشکەشکرد، لەدوای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستانیش دوو ڕاپۆرتی لەسەر دەنگدانی تایبەت و گشتی بڵاوکردەوە.